# شاری مۆسیقاره سپییەکان: زمانی بەختیار عەلی و شرۆڤەیەکی زمانەوانیی

خەتاب سابیر

ئابی 2006

ئەم بابەتە لە ئاوێنە_ ژمارەکانی ( 32،33،34،35،36 ) دا ، لە ڕۆژی 15.08.2006 ەوە تا 12.09.2006، لە لا10دا بلاوبووەتەوە، بەهۆی هەڵەی تایپکردنەوە، هەندێ هەڵەی ڕێنووسی تێکەوتووە. ئەمەی لە سایتیدەنگەکاندایە هەموو بەشەکانە بەسەریەکەوەو شێوە سەرەکییەکەی بابەتەکەیە و کەمتر هەڵەی تێدایە.

## بەشی یەکەم

ئاخافتن و نووسین لەسەر بەرهەمەکانی بەختیار عەلی کارێکی سانا نییە، پێش هەرشتێک ڕۆشنبیری کورد کاتێک دەیەوێ لەسەر تێڕوانینە تیۆریی و ئەدەبییەکانی ئەو ڕامانێک بکات، دەبێ بیر لەکەرەستەو زەخیرەیەکی فرەڕەهەند بکاتەوەو زۆر نزیکیش ئاگای لە ڕەوتی ژانرە ئەدەبیی و تیۆرییەکان بێت. ناکرێت شارەزاییت لە مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمدا نەبێت وەک بیردۆزگەلێکی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان(International Relations) و بێیت دەم لە تێڕوانینە فەلسەفیی و چەمکە سیاسییەکان و هزری بەختیار عەلی بکوتی.

هەرچەندە ئەم نووسینە ناچێتە سەر شرۆڤەکردنی چەمک و کۆنسێپتە تیۆریی و سیاسییەکانی بەختیار عەلی، هاوکات ناچێتە سەر وردەکاریی ناو ڕۆمانەکەشەوە، لەچەشنی ئەوەی ئایا بەختیار عەلی هیچ بیرۆکەی ڕۆمانە بیانییەکانی دزییوە یان نا؟ بەواتایەکی تر ئایا بەختیار عەلی پلەیجەریستە( plagiarist ) یان ڕۆمانەکە لەداهێنانی خۆیەتی؟ بەڵکوو تایبەتە بە زمانی نووسینەکانی بەختیار عەلی و بەکارهێنانی داتاکانی زمان لە ڕەوشێکی گشتگیردا.

هاوکات زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە نووسینەکانی بەختیار عەلی دەبێت فرەڕەهەند و فرەجەمسەر بێت بەئەندازەی فرەڕەهەندیی و پانوپۆریی ئەو، هەرچەندە سەرلەبەری ئەم نووسینە زۆرتر دەکەوێتە چوارچێوەیەکی دیارییکراوەوە، ئەویش چوارچێوەی زمانی نووسینەکانییەتی، چواچێوەیەک کە ڕەخنەگەلێکی وردو ئاڵۆزە لە زمانی نووسینەکانی بەختیار عەلی بەگشتیی و ڕۆمانی 'شاری مۆسیقارە سپییەکان-شامۆس' بەتایبەتیی. دڵنیام کە بەختیار عەلی بەئەندازەی گەورەیی خۆی لە ئەدەبی کوردییدا، ویژدانی گەورە دەبێت لە ئاست ئەم ڕەخنانەداو دڵنیاشم بۆ بەرهەمەکانی داهاتووی سوودی دەبێت.

ڕەخنەگرتن لەنووسەران لەڕۆژئاوادا نیشانەی بەهەندوەرگرتنی نووسەرە، لەم ڕوانگەیەشەوە هاتووم شەش دانە مانگی ڕەبەقە بەهۆی ڕۆمانی شامۆسی بەختیار عەلییەوە لەسەر یەک تەوەرە دەخوێنمەوە کە تەوەرەی چەمکی زمان و بەکارهێنانە ئەدەبیی وفەلسەفییەکانییەتی، سێ جار شامۆسم خوێندەوە، جار لەگەڵ جار زۆرتر حەزم لە خوێندنەوەی دەبوو، هیچ کتێبێک بەئەندازەی ئەم ڕۆمانە لە ژیاندا منی تووشی سەراسیمەبوون نەکردووە، بەهۆی شامۆسەوە چەندین کتێب لەسەر زمان و چەندین ڕۆمانی بیانییم لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا خوێندەوە.

بەڕاستیی کورد بێ خاوەنە، ئەگەر ئەم ڕۆمانە بە ئینگلیزیی یان هەر زمانێکی گەورەی تر بنووسرایە، ئێستا ریکۆردی پرفرۆشتنی لە جیهاندا تۆمار دەکرد. ئەو هەلایەی لەسەر ڕۆمانی " کۆدی داڤینسی " یان " کۆدی داڤینشی" کەوتەوەو کرا بە فیلمی سینەمایی و بەسەدان ملیۆن خەڵک خوێندویانەتەوە یان سەیریان کردووە، زۆر بە ویژدانەوە دەڵێم، بەتۆزی

شامۆسدا ناگات، نه لەتەکنیک و نه لەناوەڕۆکدا. ڕاسته له کۆدی داڤینسیدا هونەرو تەکنیکێکی نوێ هێنرایه کایەوەو زۆر بەرزتر و سەرنجڕاکێشتر له هاری پۆته ( Harry Potter ) ی ئەفسانه،میتۆدی ئاینیی کرا به فانتەسییترین ڕووداوگەلێک که سەرنجی میلیۆنان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ.

بەڵام شامۆس سەرەڕای تەکنیکه جوانەکەی، هاواری قڕکردنی گەلێکه، هاواری دالیا سیراجەدینه، دالیایەک مەگەر هەر بەختیار بتوانێ بیکاته ئەو سیمبوڵه ئازایەی ژنێکی خوێندەواری ڕۆژهەڵاتیی که پۆتی هۆزی پیاوسالارانی پێ وردوخاشکردووه. شامۆس نرکەی هەموو ئەو گۆڕه بەکۆمەڵانەیه لەسەر دەستی کودەتاچییەکان چێکران، ناڵەی ئازادیخوازانی باشووری عێراق و ئازادیخوازانی کوردستانه که لەبەرامبەر بەعسدا وەستابوونەوە، هاواری دەیان هەزار ژن و کچ و منداڵ و پیاوی ئەنفالکراوه.

زۆرکەس چ لەرابردوودا و چ لەدوای بڵاوبوونەوەی "شامۆس" ەوه، ڕەخنەیان له بەختیار عەلی گرتووه، بەڵام بەداخەوە، جگه لەچەند ڕەخنەیەکی دانسقه، زۆربەی ئەو ڕەخنانەی لەم نووسەره گیراوه، ئەوەندەی بۆ شکاندنی بووە، یەک لەسەدیش بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردیی و ڕۆمانی کوردیی نەبووه. باشترین شتێک که بەختیار دەیکات وەڵامی ئەو کەسانه ناداتەوه که گرێکوێرەی دەروونییان بەرامبەر به نووسینەکانی هەیەو بەردەوام وڕێنه دەکەن. ئەوانەی که ناتوانن دوو پارەگراف لەبواری تیۆریی و ڕۆشنبیرییدا بنووسن و بەتەواویی ڕەشۆکیین و" جاهیلن" لەم ئاقارەدا و هەر خەریکی " موهاتەرات" و ساتیروماتیرن، تەنانەت ئەگەر هەموو ڕەخنەکانیشیان له ڕووی زمانەوانییەوە دروست بن، ئەوەنده بەشێوازێکی نزم و بازاڕیی دەیاننووسن، هیچ مۆراڵ و بەهایەکی ئەدەبیی و مرۆییان تێدا نامێنێت.

هەندێکیش لەوانەی پێیاندا هەڵداوه ئەوەنده ماستاوچییانه و خۆلەبەرپێشانه پێیاندا هەڵداوه، ڕۆڵی "موتەنەبی" دەگێڕن له پێداهەڵدان و له شانوباڵ دروستکردندا، بەشێوەیەکی زۆر کلاسیک و دوور لەهەر لۆژیکێکی ئەدەبیی و هونەریی و هاوچەرخ هەر هەڵیدەنێن. ئەوانەی بەس سنگ دەکوتن بۆ بەختیار و به شێخی خۆیانی دەزانن هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ دەرویشی تەکییەکاندا نییه، که نه هیچ دەزانن و نه دەشیانەوێ هیچ فێرببن. ئەم نووسینه باوەڕی وایه ئەو جۆره کەسانه زیانیان تا سوود بۆ بەبەختیارو پرۆژەکانی بەختیار زێتر هەیه. نووسەران و قەڵەمبەدەستانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەکاتی شەڕی نێوخۆییدا چەندێک خزمەتیان به پارتیی و یەکێتیی کرد ، ئەمانیش هەر ئەوەنده سوودیان بۆ بەختیار دەبێت و پێشموانییه بەختیار ئەو دەروێشسازییەی پێخۆش بێت. چونکه ئەم جۆره کەسانه ئەوەندەی لەسەر کەسایەتی بەختیار و بەختیارییزم قسه دەکەن، ئەوەنده ناچنه سەر نووسینەکان و پرۆژەکان و ناوەڕۆکی بابەتەکانییەوە.

ئەوانەی قینیشیان لەبەختیاره هۆکاری زۆر هەیه، من لەشوێنی تردا نووسیومه، نیوەی ڕۆشنبیر و نووسەری کورد خۆشییان بەچارەی ئەم کوڕەدا نایات، تەنها لەبەر ئەوەی بەهرەی هەیه، تێکستی مەزن دەنووسێ، ئەستێرەی ناوبانگی سات لەدوای سات لەهەڵکشاندایه و هزری لەفراوانبووندایه.....تاد. بەڕاستیی یەکێک لەهەره درمه کوشندەکانی ئێمەی کورد ئەوەیه ، چونکه هەست بەتێکشکاویی و ڕووخان و داگیرکراویی و دووڕوویی دەکەین، یان ئەوەی بەختیار لەشامۆسدا باسیدەکات که حەز دەکەین لەنەتەوەی سەردەستەوه نزیک بین و تێکەڵیان بین، هەمیشه حەز بەسەرکەوتنی کەسانی تر دەکەین له نەتەوەو وڵاتانی تر، کەچیی ئێمەی کورد کەسێکمان تێدا هەڵبکەوێ، بەزۆرینه دایدەگرینەوەو دەمانەوێ لەناووناوبانگ و بەهرەکانی کەمبکەینەوە، ئێرەیی پێدەبەین و چاومان بەرایی نادات سەرکەوتنی تر بەدەست بهێنێ، ئەمەش لەشێوەکی گشتییدا نهێنیی کۆیلەبوون و خواروخێچیی و بەردەستییمانه، نهێنیی ئەوەمانه که گەورەترین گەلین لەسەر ڕووی زەوی و خاوەنی هیچی ئەوتۆ

نین. لەرووی سایکۆلۆژییەوە چونکە کەسانی تێکشکاوین هەمیشە حەز بە شکستی کەسانی تر دەکەین لەدەوروبەرەکەمان و هەمیشەش کەسێک ئەگەر دیار بوو ئەوا تا بۆمان بکرێ لێی دەبڕینەوە.

لەکاتێکیشدا ئەم رەخنانە لە بەختیار عەلی و شامۆس دەگرم، پێم وایە ئەگەر کورد رۆمانێکی هەبێت شامۆسە، ئەگەر بیرمەندێکی هەبێت بەختیار عەلییە، ئەگەر نووسەرێکی خاوەن بەهرەو رۆماننووسێکی مەزن و شاعێرێکی داهێنەری هەبێت هەر بەختیار عەلییە. بەدڵنیاییشەوە بەختیاری پێش شامۆس و بەختیاری دوای شامۆس دوو کەسایەتیی و دوو بەهرەی جیان. بەدەربڕینێکی تر لەمەودوا بەختیار عەلی ئەوەندەی بە شامۆسەوە دەناسرێتەوە، بەبەرهەمەکانی پێشووترییەوە ناناسرێتەوە، تا ئەو کاتەی شاکارێکی بڵندتر لەشامۆس دەنووسێت.

گرنگیی شامۆس بەتەنها لە دارشتن و دەسترەنگینیی بەختیار عەلیدا نییە ، شامۆس مێژووی نەتەوەیەکی نووسیوەتەوە، مێژوویەک گەورەترین تراژیدیای لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا تۆمارکردووە. بەختیار بەتەنیابالّیی، تەنها بە تویشووی کتێبێک گەورەترین خزمەتی بە نەتەوەی کورد و مرۆڤایەتی کردووە لە گێڕانەوەی کارەساتی ئەنفال و قرکردن و سڕینەوەی نەتەوەیەک لەسەر زەویی، شامۆس ئەو شەرەفە گەورەیەی پێ دەبرێ کە نە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان و نە هیچ کەس و لایەنێک، ئەوەندە بەویژدانانەو راستگۆیانەو پەرۆشانە و ئازایانەو هونەرمەندانە باسی سیستماتیکبوونی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردیان نەکردووە.

جوولەکەکان توانیتیان گەورەترین داهێنان بەمێژووی هۆلۆکۆستەوە بکەن و گەورەترین خەونی مێژوویی خۆیشیان بهێننە دی، بەڵام پیاوە سیاسییەکانی کورد جگە لەبازرگانییکردن بەئەنفالەوە و سەرقاڵییان بەدامەزراندنەوەی وشکەکەڵەکی دەوڵەتی عێراقی عەرەبیی و دیزەبەدەرخۆنەکردنی گەندەڵییەکانیان و لرفدانی سامانی خەڵکی کوردستان شتێکی ئەوتۆیان رەنێو نەهێناوە. ئەوە جگە لەوەی ئایدۆلۆژیستە بێبەهرەو کۆڵەوارەکانیشمان لەئاست ئەنفالدا هێشتا هەر لەقۆناغی نەخوێندەوارییدان.

بەختیار لەشامۆسدا، بەباڵاترین فانتەسیی نووسین، توانیویەتی زۆر تۆلێرانسانە ( Tolerance) و دوور لەهەرچەشنە دەمارگیرییەکی نەتەوەیی و شۆڤێنیزمی کوردیی، پۆتی شۆڤێنیزمی عەرەبیی و ئایینزادەیی عەرەب ( ئەو ئایینەی شۆڤینیزمەکانی عەرەب توانیتیان کوردی پێ ئەنفال بکەن ) بشکێنێ. ئەوەی بەختیار کردوویەتی بۆ ئەنفال و کوشتارگاکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشوور و رۆژئاوای عێراق، تا ئێستا کەس نەیکردووە.

لێرەوەیە گرنگیی وەرگێڕانی ئەم رۆمانە بۆ زمانی عەرەبیی، بایەخێکی زۆری هەیە. پێم وایە ئەو خزمەتە گەورەیەی بەختیار لەم رۆمانەیدا بەگەلی کورد و مرۆڤایەتی کردووە، بەوەرگێڕانی ئەم رۆمانە بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان ئەو خزمەتە چەندجارە دەبێتەوە. لە ئێستاشدا زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی باشترین و کاریگەرترین زمانن کە شامۆسیان بۆ وەربگێڕدرێ. زمانی عەرەبیی، لەبەر ئەوەی زمانی نەتەوەی سەردەستی عەرەبەو زۆربەی کارەساتەکان لە تێڕوانینی شۆڤینیزمی دەسەڵاتدارانی ئەم نەتەوەیەوە سەرچاوەی گرتووە دژ بەگەلی کورد ، بەتایبەت رووداوە تراژیدیاکانی سەردەمی سڕینەوەو سووتماککردنی کوردستان.

زۆر گرنگە خوێنەری عەرەب لەو جینۆسایدە گشتگیرە بگات و خوێندنەوەیەکی تۆلێرانس بۆ ئەنفال لەوێردی رۆماننووسێکی کوردەوە وەربگرێ کە خۆی لەخۆیدا دۆخی راستەقینەو بیرکردنەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستانە کە

لەسەردەستی سەرکردەکانی عەرەبەوە کرا بەگەرووی نەتەوەی کورددا و بەختیاریش لەرێگەی فلووتژەنەکانەوە خاڵیی دەکاتەوە.

سەبارەت بەوەی کەوەربگێڕدرێ بۆ زمانی ئینگلیزیی، چ نرخ و بەهایەکی هەیە، پێموایە شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئینگلیزیی یەکێکە لە سەرەکییترین زمانە زیندووەکانی ئەم سەردەمە، ئەگەر نەشڵێین یەکەمین و پانوپۆڕترین زمانی نووسین و بەهێزترین زمانی سەرجەم ژانرە ئەدەبیی و سیاسیی و زانستیی و بازرگانییەکانیشە. لە زمانی ئینگلیزییەوە دەکرێ دواتر تراژیدیاکانی گەلی کورد لەرێگەی فلووتە نەمرەکانەوە بۆ زۆر زمانی گرنگی تر وەربگیردرێ.

زۆر بەداخەوە دەڵێم حەزمدەکرد ئەو شانازییە گەورەیەم پێ ببڕدرایە بەوەرگێڕانی ئەم رۆمانە بۆ ئینگلیزیی، بەڵام بەڕاستیی لەتوانای ئێستای مندا نییە، دڵنیام کوردانی تاراوگە، بەتایبەت نووسەران و ئەدەبدۆستانی کورد، چ لەکوردستان و چ لە وڵاتانی ئەمێریکا و کانەداو بریتانیا و ئوسترالیا و نیوزیلاند، ژمارەیەکی بەرچاو زمانزان و پسپۆری باشمان لە زمانی ئینگلیزییدا هەیە کە توانایەکی باشیان بەسەر هەردوو زماندا دەشکێ و لەتوانایاندا هەیە ئەم کارە لەزووترین کاتدا لەئەستۆ بگرن، بەتایبەت ئەگەر بەهەرەوەزیی بکرێت. بەڵام بەم زمانەی ئێستای شامۆسەوە نا، ئەمەش خاڵی سەرەکیی و بنەڕەتیی ئەم باسەیە لەسەر زمانی نووسینی بەختیار عەلی و شامۆس بەتایبەتیی کە دەستی بۆ دەبات و شرۆڤەی دەکات.

بەدیوێکی تردا، پێش هەرچییەک دەبێ زمانی نووسینی شامۆس دابڕێژرێتەوە و لە چاپی دووەمدا هەڵەبژێرییەکی زۆر وردی تێدا بکرێ و ئەوسا وەربگێردرێ بۆ زمانە بیانییەکان. بۆچیی ئەم کارە بکرێت ؟ ئەم لێکۆڵینەوە کورتە قامک دەخاتە سەر هەندێ هەڵەی زمانەوانیی کە نەدەبووایە بەختیار بیکردنایە یان زۆر کەمیبکردنایەتەوە. تەنانەت بۆ چاپی دووەم و سێیەم و ....تاد، شامۆس ئەگەر هەر بۆ خوێنەری کوردیش بێت، دەبێ زمانەکەی پێداچوونەوەو هەڵەبژێرییەکی وردی تێدا بکرێ.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا زۆر رەخنە لەم پانتاییەدا لە بەختیار گیراوە ، بۆیە ئەم نووسینە بەکورتیی لەسەر چەند وشەو برگەو دەربڕینێک دەوەستێ کە بەختیار عەلی زۆر سەرپێیانە بەسەریاندا بازیداوە و هەڵەی گەورەی تێدا کردوون، درێژتر دەچێتە سەر داتاکانی زمان لە چوارچێوەیەکی گشتییدا. ئەمەش لەسۆنگەی ئەوەوە هاتووە کە ئەو لاوازییەی لە نووسین و ئەدەبی کوردییدا هەیە ئەستەمە بروا بکرێ لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکی تردا هەبێت. بەواتایەکی تر ئەو گەڕەلاوژەیەی لەنووسینی کوردییدا هەیە، چ لەداڕشتن و دەربڕیندا، چ لەبەکارهێنانی وشەی سەیرو سەمەرەدا کەهەندێکیان لەزمانی کوردییدا هەر بوونیان نییە ، ئاژاوەیەکی گەورەی لە نووسیندا ناوەتەوەو کەسیش بەکەس ناڵێ تۆ راستیت و من هەڵە.

ئەم نووسینە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو بیانووە نەزۆکەی کە زمانزانە بەگزادەکانی کورد نەیانتوانیوە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو چێبکەن یان پرۆفیسۆرە تەوەزەلەکانی کورد و هەڵگرانی بڕوانامەی دۆکترا و ماستەر لەزمانی کوردییدا نەیان توانیوە کارێکی لەو چەشنە بکەن. ئاخۆ چ دڵێکمان بەو پیاوانە خۆشبێت کە کۆڕێکیان بەناوی زانیاریی کوردەوە دروستکرد و بەهەڵەیەکی زەق نووسیتیان " کۆڕی زانیاری کورد" کە دەبووایە بیاننووسیایە "کۆڕی زانیاریی کورد" دانانی یەک (ی) ی تر نەک هەر گرنگە، بەڵکوو بەلابردنی سەرلەبەری واتاکە دەگۆڕێ و شتێکی بەد و ناشیرین دەردەچێ.

ئەم گرفتی (ی) یە گەورەترین کێشەیە لەزمانی کوردییدا لە رووی بنیاتنانی رستەو دەربڕین و گەیاندنی واتا بە خوێنەر و گوێگر کە پێی دەڵێن زانستی لێکۆڵینەوە لە دەنگ یانژی ئەوەی پێی دەڵێن فۆنەتیکی زمان کە بە فینۆلۆجی ( فینۆڵەجی _Phonology ) ناسراوە. بەویژدانی هەموو زمانناسان و زمانزانانی کورد ئەوە هەر کەمتەرخەمییە یان نەزانییە! کە تەنها یەک پلاتفۆرمی زمانمان هەبێ ،ئەویش بەهەڵەیەکی کوشندەوە بناڵێنێ.

بۆ ئەوەی بەگزادە زمانزانەکانی کورد دەماری ملیان ئەستوور نەبێ، پێویستە ئەمە روونبکەمەوە، گریمان "زانیار" ناوێکی سەربەخۆیە و بەلەبریدانان دەیکەن بە "نەبەز" ، ئێستا لەسەر ریتمی پێشوو دەبێ بە هەڵە بنووسرێ "کۆڕی نەبەزی کورد" ، کەواتە یەک (ی) لەیەک کاتدا دەکرێ بگوترێ (ی) پێوەندەو دەشکرێ بگوترێ (ی) کەسی سێیەمی تاکە. بەدیوێکی تردا شتێک نییە ئاماژە بە دۆخی ئاوەڵناویی بکات، وەک "نەبەزیی" یاخوود "زانیاریی"، کەواتە " کۆڕی زانیاریی کورد" دروستەو " کۆڕی زانیاری کورد" سەقەتە.

زۆر کۆڕو کۆمەڵەی کوردیی و بەناو رۆشنبیریی لە تاراوگەدا چێکراون و بەدەست ئەم (ی) یەوە دەناڵێنن. ناوەندی رۆشنبیری کورد – وڵاتێک ، مەبەستیان ئەوەیە بڵێن نێوەندی رۆشنبیریی کورد– لە وڵاتێکدا. لێرەدا زەقیی (ی) یەکە زۆر جوانتر دەردەکەوێ، ئەگەر بە یەک (ی) بنووسرێ ئەوا ( رۆشنبیر – intellectual ) دەردەچێ و (ی) یەکە ( ی) پێوەند دەبێت، بەڵام ئەگەر بە دوو (ی) بنووسرێ، ئەوە بێگومان دەبێت بە رۆشنبیریی ( cultural ) و سەرلەبەری واتای وشەکەو رستەکەش دەگۆڕێن.

رەخنەش لە چۆنییەتی زمانی کوردیی و بەکارهێنانەکانی بە گشتیی، خاڵی تێڕامانی ئەم نووسینە نییە، ئەوەندەی مەبەست لە زمانی پڕ لەجادووی بەختیار عەلییە لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە رەخنەگرتن لە میتۆدی ئەو زمانەی بەختیار پێی دەنووسێ کە کۆمەڵێ چەمکی فەلسەفیی تێدا جێکەوت کردووەو زمانی کوردیی پاراوتر و دەوڵەمەندتر کردووە بەسەرێکدا و بەسەرێکی تریشدا زیانی لێداوە. مەخابن بەختیار عەلی نانێک دەبرژێنی لە تەنووری زماندا کەهەویرەکەی باش هەڵنەهاتووە.

لێرەدا مەبەستی سەرەکیی ئەوەیە کە ئەوانەی زۆر قەڵسن کاتێک رەخنە لەزمانەکەیان دەگیردرێ، هەزارویەک بیانوو بۆ خۆدزینەوە دەهێننەوە لەچەشنی ئەوەی گرنگ ئەوە نییە چۆن دەنووسیت، گرنگ ئەوەیە چۆن مەبەست دەگەیەنیت!. پێش هەموو شتێک هەر بیرکردنەوەیەک لەم جۆرە چەشنە بۆخۆی پێشێلکردنی کۆمەڵێ یاساو رێسای زمانەوانییە کە ناکرێت هیچ نووسەرێک دەستبەرداری ببێت، سەرەڕای ئەوەی لەڕووی ئاکادیمیکییەوە ستانداردی خۆی لەدەست دەدات.

ئەم باسە پێیوایە، زمان وەک فیزیک و ماتماتیک، کۆمەڵی رێساو هاوکێشەی جێگیری هەیە کە ناکرێ هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی دەستکارییان بکات. راستە زمانیش وەک زۆربەی شتەکانی تر بەپێی سەردەم و کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، بەڵام هەندێ جێگیریی هەیە لەزماندا ناکرێ بەئاسانیی رەدەڵ و بەدەڵ بکرێن . دەکرێ بە شێوازی تر و بەڕێگەی تردا بڕۆیت و داهێنان لە هەندێ شتی نوێدا بکەیت و بشگەیتە هەمان شوێن کە هاوکێشەیەکی کلاسیکیی و نەگۆڕ پێیدا دەڕوات. بەڵام کۆمەڵێ بناغەی سەرەکیی لەهەر زمانێکدا هەیە کە نووسەر پێویستە لەسەری پێیانەوە پێوەست بێت.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو، یان تەنانەت ئەو نەتەوەو وڵاتانەی کە گرنگیی بە زمان دەدەن، لە هەر کتێبخانەیەک بەشێک هەیە، تایبەت بە بواری زمان و لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی و زمانی نووسین، ئەم بەشە هەموو خوێنەرێک رووی تێناکات چونکە تایبەتە بەکەسانی ئاکادیمست و پسپۆر لەزماندا، سەرنووسەری رۆژنامەو گۆڤارەکان، یان ئەو کەسە ئاکادیمستە تایبەتانەی بە کتێبدا دەچنەوەو بژاردنی تێدا دەکەن، روو لەم بەشە دەکەن. یان ئەوانەی توێژینەوەو کتێب و رۆمان دەنووسن و حەزدەکەن خۆیان لێکۆڵینەوەی وردو زانستیی لەسەر زمان بکەن پێش ئەوەی کتێبەکان و نووسینەکانیان بڵاوببنەوە.

## بەشی دووەم

ئەم ترسە لەنووسین زۆر بەکەمیی لای نووسەری کورد دەردەکەوێ. لالۆ و خاتوونی نەزانی هێندە سەیر خاوەنی کتێبن لەکورددا، بەئەندازەی سیقەتۆرەی جورەیەک لەبواری بیرو تیۆرییدا تەڕاییان تێدا نییە. دیارە ئەوەندە لووتبەرزیشن ڕێگە نادەن کەس بەکتێبەکانیشیاندا بچێتەوەو هەڵەبژێرییان بۆ بکات. هاوکێشەکە بۆ بەختیار جیاوازە، بەختیار عەلی یان زۆر کەسێکی بوێرە، یان گوێ بەهیچ شتێک نادات کە بەو زمانە تژیی لەهەڵەی نووسین و داڕشتنەوە، بەهێزترین و بالآترین ڕۆمانی کوردیی لەمێژووی کورددا تا ئێستا نووسیوە.

ئەگەر وەستایی لەزماندا نەبێت ، ڕۆماننووسێک و داپیرەیەکی چیرۆکخوانی نەخوێندەوار، لەگێڕانەوەی چیرۆکێکدا وەک یەکیان لێدێت. بگرە داپیرەی نەخوێندەوار و کلۆڵ لە ڕۆشنبیرییدا دەتوانێ بە هەڵبەزو دابەزی زمان و ئاواز، گۆڕینی دەنگ و وێنەکێشانی دیمەنەکان لەسەرنجی بیستەردا باشتر گەمە بە ڕووداوەکان بکات و تام و چێژێکی زۆرتریش بەبابەتەکە بدات. لەڕاستییدا بەختیار عەلی جادوویەکی زۆر بەهێزی هەیە لە چۆنییەتی گەمەکردن بەزمانەوە، بەڵام سەرئەنجام بەو هەموو تواناو بەهرە زۆرەشەوە کەهەیەتی کەوتووەتە هەڵەی زۆر گەورەوە.

ڕۆمانی شامۆس سیخناخە لەهەڵەی زمانەوانیی و دەربڕین و تەنانەت هەندێ وشە بەشێوەیەکی ماتماتیکیی داتاشراون و خوێنەر تووشی گومان دەکات ئایا ئەو جۆرە وشانە لەکوردییدا هەن یان ئافرێندراون. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زمانی نووسینی بەختیار لەم ڕۆمانەدا لەچاو ڕۆمانەکانی پێشووتری و نووسینە تیۆریی و فەلسەفییەکانیدا زۆرباش گەشەی کردووەو ئەو هەڵانەی لە نووسینەکانی پێشووتردا کردوونی، لێرەدا کەمتری کردوونەتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نووسینەکانی پێشووتری بەختیار، 'نییە' ی بە'نیە' دەنووسی، گرفتی دوو "ی" بەسەریەکەوەی زۆرکەمکردووەتەوە، ئەگەر ساڵانێکی زووتر بینووسیایە "شاری مۆسیقارە سپییەکان" ، ئەوە گومانی تێدا نەبوو دەینووسی " شاری مۆسیقارە سپیەکان" ، فیگۆری کردووە بەفیگەر( Figure) کە لەفۆنەتیکی ئینگلیزییەکەوە زۆر نزیکترە. لە کتێبی 'ئیمان و جەنگاوەرانی"دا فۆنەتیکی کەیاسی بۆ فاروق ڕەفیق چاککردووەتەوەو کردوویەتی بە کایۆس( Chaos)، مەبەست لەم نموونانە ئەوەیە بەختیار خۆی زۆر گرنگیی بە فۆنەتیکی زمان دەدات و زاراوە کانەدییەکەی فاروق ڕەفیق دەهێنێتەوە سەر ریتمی ئینگلیزیی بریتانیی و شێوەیەکی پرۆفیشناڵ دەدات بە وشەکە. بەڵام بەختیار لە ئاست خوێنەری کورددا گرفتێکی تری هەیە، ئەو پێی وایە کاتێ هەندێ زاراوەی نوێ بە ئاڵمانیی دەنووسێ ، خوێنەری کورد دەتوانێ ژێدەر بە سانایی پەیدا بکات و واتای ئەو زاراوانە بە ئاڵمانیی لێک بداتەوە.

ئەم گرفتە بەتەنها هەر ئالوودەی بەختیار نەبووە، بەشێکی زۆر بەرچاو لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لەئەوروپا بەزمانی دەوڵەتانی سکاندەنیڤیا و ئاڵمانیی و هۆڵەندیی ، زاراوەکان وەردەگرن و بەئەکسێنتی ئەو زمانانەش دەینووسن، بۆ نموونە ئەنترۆپۆلۆجی دەکەن بە ئەنترۆپۆلۆگی، ئۆریجناڵ بە ئۆریگناڵ و ستەیت ( state ) بە ستات و هەروەها.

بەختیار عەلی کاتێک کتێبی " ئیمان و جەنگاوەرانی " دەنووسێ لە وەڵام بە فاروق ڕەفیقدا، سەرلەبەری وشەو زاراوە سیاسیی و تیۆریی و فەلسەفییەکان لەناو کەوانەدا بە ئاڵمانیی دەنووسێت. ئاخر خوێنەری کورد هەشی کوێ بکات بەسەریدا کە ئاڵمانیی نازانێ ، لەکاتێکدا ئەگەر یەک ئاڵمانییزان لەکوردستاندا هەبێت ، ئەوە هەزار ئینگلیزییزان هەیە، چ لەبەر ڕۆڵی سیاسیی و کولتووریی و ڕۆشنبیریی ئینگلیز بێت ، چ لەبەر هێجەمۆنی دوورمەودای دەسەڵاتی ئینگلیز بێت. زمانی ئینگلیزیی

ڕەگوڕیشەیەکی  هەیە لەناوچەکەداو پێویست ناکات ئاڵمانیی بکرێ بە سەرچاوەو بنەچەی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی تیۆریی وەک ئەوەی لە  ئیمان و جەنگاوەراندا کردوویەتی. ئەگەر بەختیار توانای بەسەر ئاڵمانییدا دەشکێ و بەسەر ئینگلیزییدا ناشکێ ، دەبووایە ئەو ئەرکەی بکێشایە کە هەندێکی تر خۆی ماندوو بکردایەو زاراوە بیانییەکانی بە ئینگلیزیی بنووسیایە.

هەندێک لە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانی کورد ئەوەندە  ئەبڵەقن بەزمانی عەرەبیی و فارسیی ، بەتایبەتییش لە دوو دەیەی ڕابردوودا زێتر بە فارسیی، تەنها بۆ بەهێزکردنی دەقەکانیان زۆر بێتامانە وشەی فارسیی و عەرەبیی دەترینجێننە ناو زمانی کوردییەوە و بەتۆبزیی شەقشەقێنی پێدەکەن ، لەچەشنی (مەعریفە، ئیحا، ئەوج، عیرفان، سیاق، نیهاد، ئیحالە، کەینوونە، شوناس...تاد). ئاخۆ گوناه نییە لەبری (سیاق) ، ڕەوش  هەبێت و بەکار نەهێنرێ، ئەگەر هەر بەکاریش ناهێنرێ بۆچیی کۆنتێکست ( Context ) بەکار نەبردرێ.

بۆ دەبێ لەژێر زەبری کولتووری عەرەبدا ، مەعریفە لەجێگەی زانین بەکارببردرێ؟ ئەگەر هەر دڵیش ئاو ناخواتەوە بۆچیی نۆلێج(  Knowledge ) بەکارنەهێنرێ. لەمەش ماڵوێرانتر بەشێوەکی هەڕەمەکیی و گشتیی هەندێ ڕۆشنبیری ئەوروپانشین تەنها بۆ ئەوەی ئاستی خوێندەواریی خۆیان دەربخەن، دەچن وشەکان بەزمانە  ئەوروپییەکان دەنووسن .

تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، ڕۆمانەکەی بەختیارت بۆیەکەمجار بەدەستەوەگرتووە و هێشتا نەتخوێندووەتەوە، زۆر ناووناوبانگی دەرکردووە، یەکسەر ئەو قەبارە گەورەیەی ئەو ڕۆمانە وات لێدەکات بڵێی ئەم هەموو شتەی چۆن نووسیوە ، چۆن بەیەکەوە گرێیداون، ئەو زمانە بەرزەی پێی نووسیوە ( کە زمانی بەختیار عەلی فانتەسییترین زمانی نووسەری کوردە) چ زمانێکە؟ ئەی ئاهورامەزداو ئەهریمەن، ئەم توانا و بەهرە گەورەیە چییە لەم کوڕەدا هەیە! ئەم پشوودرێژیی و خولیاو ئارەزووە چۆن لەناخی ئەم کەسەدا چەکەرەی کردووە! بەکورتییەکەی شاکارێکی جوان و بڵندت لەبەردەستدایەو پسپۆڕیی لەلکاندن و شیکردنەوەی ڕووداو و ڕایەڵکردنی چیرۆکەکان  هەمووی لە زمانەکەیدایە.

کەواتە لە پیتێکەوە بۆ وشەیەک و دواتر بۆ ڕستەیەک و پارەگرافێک و تا دەگاتە بەشێک لەکتێبەکەو لەکۆتاییشدا هەموو ڕۆمانەکە بەسەریەکەوە وەستایەک لە کەرەستەی خاو دروستی کردووە ئەویش کەرەستەی زمانە. ناخۆشییەکە لێرەدایە، کاتێک لەخوێندنەوەدا بەداڵانەکانی ڕۆمانەکەدا دەگەڕێی هەست بەهەڵەی زۆروزەبەند دەکەیت.

زمان لە ئاستی بەرینتردا بۆخۆی دۆخێکی سروشتیی هەیە کە مرۆڤەکانی سەرزەمین بەیەکەوە بەشداریی لەتێگەیشتن و خوێندنەوەی یەکتردا دەکەن، هەروەک بۆوردیو ( Bourdieu ) کاتێک لە دەلاقەی زمانەوە سەیری ( ئەفسانەی یەکسانیی- The myth of equality ) دەکات ، سەبارەت بە زمان و زمانەوانیی دەڵێت " کەڵکەڵەی زمانناسیی کۆمۆنیزمە- the illusion of linguistic communism " ( Bourdieu, 1984, p.43 ) .

گرنگییەکە لێرەدایە، تا چەند دەکرێ نارۆشنییەکانی ناو زمانی نووسین کەمبکرێتەوە بۆ خوێنەر و لە ڕێگەی وەرگێڕانیشەوە بۆ زمانە بیانییەکان بتوانرێت کۆمۆنیزمێک(  مەبەست لەبەشداریی و هەرەوەزییە نەک ڕژێمی کۆمۆنیستیی ) لە تێگەیشتن یان خاکیبوون لە فەلسەفەی نووسینەکە لەگەڵ خوێنەرانی بیانییدا دروست بکرێ، یان چ ئەوەی هاوزمانانی خۆت چۆن لێت تێدەگەن. بایەخی ئەم چەمکە لەوێوە دەستپێدەکات، چ دەقێکی گونجاو و ڕەوان و ئامادەکراو وەردەگێڕی بۆ زمانێکی تر و هاوبەشییەک لە تێگەیشتن دروست دەکەیت.

هەر بیریارو فەیلەسوف و ئاکادیمیستێکی ناودار بگری لەم جیهانەدا بەشاکارەکانیان و بەبەرهەمەکانیان دەناسرێنەوە، ئەمە زۆرتر دەسەپێت بەسەر نەوەی نوێداو ئەوانەی لە ئێستادا لەژیاندان، لێرەدا قسە لەسەر زمانی نووسینەکانی بەختیار عەلییە، ئەم مرۆڤە ناوی هەرچییەکی لێ بنێن لە بیریار، نووسەر، رۆماننووس، شاعیر....تاد، سەرئەنجام هەر دێینەوە سەر ئەوەی بەختیار عەلی کاتێک دەنووسێ هەرچییەک لە ناواخن و هزریدایە دەیەوێ بیهێنێتە چوارچێوەی وتار یان کتێبەوە.
(بەختیار عەلی)یش بەنووسینەکانییەوە بەختیار عەلییە، بەرهەم و ناوەڕۆکی نووسینەکانی ئەویان گەیاندووە بەم جێگەیە، بەختیار هیچ نییە ئەگەر لەنووسینەکانی دابماڵیت، نووسینەکانی تەنها سەرمایەو ناووناوبانگی ئەون، ئەم هاوکێشەیە تا زێتر ورد بکەیتەوە ، وردە وردە دەگەیتە سەر پارەگرافەکانی و رستەکانی و وشەکانی و لێرەشەوە جارێکی تر گەڕانەوە بۆ گیان و ناوەڕۆکی مەسەلەکە کە زمانی نووسینی بەختیار عەلییە.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر کوردیی، بۆ ئەو زمانی سەرەکیی نەبێت ، حەزی دەکرد بە ئاڵمانیی، ئینگلیزیی، فڕانسیی یان لای کەم بەعەرەبیی بنووسێت، بۆیە کە زمانی کوردیی زمانی زگماکە ( نەک سکماک ) بۆ ئەو، دەبێت باشتر وکاراتر گرنگیی پێبدات. چونکە ئەگەر زمانی دووەمیش بتەوێ فێرببیت و پێی بنووسیت ، ئەوا دەبێت ئەوەندە کارامەیی لەخۆت نیشان بدەیت کە توانای گەمەکردن و راوکردن و پاشقولگرتنی باشت لە زمانی دووەمدا هەیە.
بە تێگەیشتنی جۆنسن ( Johnson) " فێربوونی زمانی دووەم لەروانگەی چالاکیی و توانستییەوە نابینرێ، ئەوەندەی لە روانگەی هەڵسوکەوتەوە (performance) دەبینرێ" ( Jhonson, 2004, p.4 ) . لەم دیدەوەیە کە هیچ کەسێ ناتوانێ بەزمانێکی تر دەقێکی مەزن و پڕ لەبەهرە بنووسێت ئەگەر بەزمانی زگماکیی خۆی نەتوانێ ئەو دەقە باشتر و بەهێزتر بنووسێ. کە دیارە لەرووی بایۆلۆژییەوە زمانی زگماک ئەو زمانەیە کە لەماڵەوە یان لە دایک و باوک و کۆمەڵگەوە فێری دەبیت و زمانت پێی دەپژێ.

بۆ بەدبەختیی کورد هەندێ نووسەرمان هەیە کە بە فارسیی و عەرەبیی و تورکیی و زمانەکانی تر دەنووسن و بەکوردیی نانووسن . بیانووشیان ئەوەیە کە کوردیی زمانی خوێندنیان نەبووەو بە زمانی تر دەنووسن و خوێنەری نەتەوەکانی تر بە کولتووری کورد و ئەدەبی کوردیی ئاشنا دەکەن و لەم رێگەیەوە خزمەتی زێدەتر دەکەن!. ئەگەر فشە لەم جۆرە بیرکردنەوانە دەربکەیت هیچت بەدەستەوە نامێنێ کە خورووی سەری پەنجەکانتی پێ بشکێنیت.
چونکە داینەمیک و لۆژیکی زمان لەوەدایە کە تۆ چۆن لەدەقێک دەگەیت و میکانیزمی ئەو تێگەیشتنەش جگە لە زیندوویی زمانەکە شتێکی تر نییە، لەم تێڕوانینەوەیە کە گادەمێر دەڵێ " تەواوکردنی ژیان لە تێگەیشتنی زمانەوەیە کە لەناختدا دەژیی" ( Gadamer, 1989, p.346). کەسێک بەزمانی زگماک نەتوانێ دەقێکی کورت و پوخت و زیندوو بنووسێ، ئەی قوڕ بەسەر ئەو زمانە دووەمەی کەپێی دەنووسێ.

بۆیە زۆر گونجاوترە ئەو جۆرە نووسەرانە هەوڵبدەن کوردیی وەربگێڕن بۆ زمانەکانی تر زۆر باشترە لەو نووسینانەی کە بە سەقەتیی بە زمانێکی تر دەینووسن. لەگەڵ ستایش و پێزانینێکی زۆر بۆ هەندێ نووسەری زۆرباش کە بەزمانە بیانییەکان شتی زۆر بەپێز دەنووسن و بەدڵنیاییشەوە زۆر گرنگە نووسین بەزمانە بیانییەکان بەڵام لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە بەزمانێکی پوخت و پاراو و جوان بنووسرێت.

هەندێ نووسەر هەن کاتێک بەکوردیی دەنووسن، بەعەرەبیی، فارسیی یان بە زمانێکی تری بیانیی بیر دەکەنەوە و لەم دۆخەشدا شێوازو دەربڕینی زمانێکی تر بەهەڕەمەکیی و ملهوڕیی بەسەر زمانی کوردییدا دەسەپێنرێ. ئەمە بۆ نووسین

بەزمانی بیانییش هەروایە. ناکرێ نووسەرێ بەکوردیی بیر بکاتەوەو بە زمانێکی تر بنووسێت. نووسەر بەهەر زمانێک بنووسێت دەبێت بە ڕەوانبێژیی و ڕێزمان و داڕشتن و ئەدەبی هەمان زمان بیر لە نووسین بکاتەوە.

## بەشی سێیەم

نووسەران و ڕۆماننووسانی دنیا کاتێک دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەیەکی تر و زمانێکی ترەوە، ناکەونە ژێر کاریگەریی لەنجەولاری وشەکانی زمانەکەشەوە، بەڵام ئێمەی کورد یەکسەر پاساو بۆخۆمان دەهێنینەوەو دەڵێن کورد چیی هەیە تا زمانێکی پوختی هەبێت؟ ئەم نووسینە پێیوایە ئەمە خۆدزینەوەیەکی زۆر مەبەستدارەو لەڕاستییەوە زۆر دوورە. ڕاستە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوومان نییە، ڕاستە ئەدەبێکی دەوڵەمەندمان نییە، تەنانەت یەک ئینسکلۆپیدیاشمان نییە لە نێوەندە ئاکادیمیکیی و زمانەوانییەکانی ناو یەک شاریشدا متمانەی تەواوی پێدرابێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە بیست بۆ سیی ساڵی ڕابردوودا زمانی کوردیی — کرمانجی خواروو تەکانێکی باشی داوەو خەریکە ستانداردێکی تۆکمە لە خۆدەگرێ .

تێکەڵوپێکەڵیی لەزمانی کوردییدا و بەتایبەت جەڕێنراو بە ڕۆشنبیریی فارسیی و عەرەبیی، یان بڵێین موتوربەکراو، گیانی زمانی کوردیی سڕکردووە. بەشێکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد کەوتوونەتە ژێر ئەم تریسکوباسکەوەو وشەی عەرەبیی و فارسیی بە تۆبزیی و کەڵەگایی دەئاخنە نێو زمانی کوردییەوە، لەکاتێکدا وشەی جوانترو ڕەوانتریشمان هەیە. کەچیی لەزمانە بیانییەکاندا کاتێک وشەی زمانێکی تر بەکار بهێنرێ یان بە ئیتالیک ( نووسینی لار) دەنووسرێ، یان دەخرێتە کەوانەی گوێچکەدارەوە بۆ جیاکردنەوەی لە ئەو زمانەی کە پێی دەنووسرێ. دەکرێ بڵێین لەسەردەمی گلۆباڵیزەیشن و باڵادەستی زمانی ئینگلیزییدا و بەتایبەت بۆ زمانی ئینگلیزیی ئەمە زۆر پێویست ناکات، بەڵام بەڕاستیی بۆ زمانەکانی تر پێویستییەکی گرنگە.

ئەو زمانەی بۆ نووسینی شاری مۆسیقارە سپییەکان بەکارهاتووە لەنووسینەوەو گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا، زمانێکە لەزۆر شوێندا لاوازیی پێوە دیارە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر بەختیار عەلی وەک شێرکۆ بێکەس شارەزای زمانی کوردیی و بەتایبەت دەوڵەمەندیی لە وشەکارییدا هەبووایە ئاستی نووسینی ئەم شاکارە لە شوێنێکی زۆر بەرزتر دەبوو، مەبەست ئەوەیە چونکە شێرکۆ بێکەس ماوەیەکی زۆر لەشاخ و دەرودەشت ژیاوە، بە پێچەوانەوە بەختیار عەلی زێتر لەشاردا ژیاوە، هەر نووسەرێکیش ئەگەر بیەوێ ئاخافتن لەسەر سروشت و فانتەسییبوون بە زمان و جوانی سروشتەوە بکات، دەبێت کولتووری دوورودرێژی زمانی دەرەوەی شار ، کە لادێ و ژیانی کۆچبەرانە، بەسەرچاوەیەکی سەرەکیی بۆ بەهێزکردنی زمانەکەی دابنێت.

بەختیار عەلی لەڕۆمانەکانی پێشووتریدا ڕاکردنی بۆ ئەسپ بەکار دەبرد، پاش ئەوەی ڕەخنەی لێگیرا، لەم ڕۆمانەدا زۆرترین وشەی غاردانی بەکارهێناوە، ئەگەر بەختیار زۆرتر شارەزای کولتووری زمانی کوردیی بووایە لە هەگبەی زمانی دەشتەکییدا، ئەوە بێگومان حیلەحیل وپڕمەو چەمووشیی و لۆقە و سمکۆڵ و چوارناڵەشی بەکار دەهێنا و جگە لەوەی هەندێ تایبەتمەندیی ئەسپ و گیانەوەرانی هاوشێوەی ئەسپ لەچەشنی ماین و هێستری باسدەکرد و فانتەسیی زێتری بە گەمەو جەڕاندنی زمانەوە دەکرد. بەڵام چونکە کەرەستەکانی بەختیار لە زماندا بۆ ئەسپ، هەر غاردانە، هەر بەغاریشەوە گرتوویەتی، لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرکەوتووەکانی ڤۆڵتێر ئەوەیە کە توانیویەتی لەهەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا کەم تازۆر سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەگەرچی لە ڕۆمانی کاندیدا فەلسەفەو توانا سەرەکییەکەی ڤۆڵتێر زێتر دەروشاوەیە. بۆیە دەکرێ بگوترێ بەختیار عەلییش لەم ڕۆمانەدا وەک قەقنەس دەدرەوشێتەوەو گەرمایی و ڕووناکی ناخی خۆی لەم دەروازەیەوە زێتر بەخوێنەر

دەگەیەنێت. مەزنی رۆمانی شامۆس هەر لە تەکنیکی نووسین و زمانە فەلسەفییەکەیدا نییە، بەڵکوو لە پەیامە سیاسیی و رۆشنبیریی و مرۆڤایەتییەکەیشیدایە، ئەمەشە وایکردووە کە یەکچوونێکی زۆر لەنێوان ئەم دوو رۆمانەدا هەبێ کە یەخەی دەسەڵاتی سیاسیی دەگرن لەسەر کارەساتەکان، بەڕاستیی شامۆس سەرتاپای دەسەلاتی سیاسیی بەهەموو لقوپۆپەکانییەوە دەخاتە ژێر پرسیارێکی قووڵەوەو بەر نەعرەتەو تێڕامانێکی قووڵی دەدات.

هەرچییەک لەمێشکی بەختیار و بیری بەختیاردا بێت ، سەرئەنجام هەر دەبێت لەرێگەی نووسینەوە بەخوێنەر بگات، ئەوە نووسینە میسۆدۆلۆجیی نووسەر ئاشکرا دەکات و لاشەی نووسینەکەی توێکاریی دەکات. بەکارهێنانی وشەی گونجاو و رستەی زیندووە کە دەتوانێ گیان بکات بەبەر نووسیندا و تووشی تاسەو نشێویی نەکات و خوێنەر هەناسەی سوار نەبێت.

ئەوە بڕواو متمانەی قووڵی نووسەرە کە دەتوانێ سەرنجی خوێنەر باشتر بلکێنێت بەبابەتەکەوە ئەگەر کەمترین هەڵەی رێزمانیی و دارشتنی لەخۆ گرتبێت. کاتێک خوێنەر وشەیەک بەچەندین دارشتنی جیاواز لەیەک تێکستدا دەبینێتەوە، گومان و بێئارامیی و سەریەشەی لای دروست دەبێت. یەکێک لە هەرە پایە سەرەکییەکانی ناوداربوونی فەیلەسووف و بیریارێکی وەک چۆمسکی ، دەگەڕێتەوە بۆ بلیمەتیی ئەو لەبواری زمان و لێکۆڵینەوە هەمەجۆرەکانی لەزماندا و زاڵبوونی بەسەر وردەکارییەکانی زماندا.

## تیۆرایزکردنی زمان لە شامۆسدا

بەختیار زۆرجوان و بڵند، زۆر بەهرەمەندانە هاتووە میوزیکی ( نەک موزیک ) تێکەڵ بەهەموو رۆمانەکە کردووە، تاعوون و میوزیک، مەرگ و میوزیک، ئومێد و میوزیک... تاد کردوونی بە سەرنجڕاکێشترین دیمەن و کۆکتێل لە گۆشە جیاجیاکانی رۆمانەکەدا، بەچەشنێک خوێنەر هەست دەکات لەیەکچوونێک لەنێوان میوزیک و ژیان و مەرگدا لە هەردوو شامۆس و تایتانیکدا هەیە. ئەم لەیەکچوونە کاری ئەم نووسینە نییە، بەڵام ئەو زمان تیۆرایزکردنە (Theorizing language ) ی شامۆس ئەگەر بەوردەکارییەکی زمانەوانییەوە ئەنجام بدرایە زۆر لە ئێستای کەڵەگەتتر دەبوو.

بەختیار هاتووە زمانی مەرگ و هەڕەشەی بەعسییەکان و زمانی سیاسییەکانی کورد و پرۆسەی ئەنفالەکانی تیۆرایز کردووە، لەبەرگە سیاسیی و ئایدۆلۆژییە رووتەکەی داماڵیوەو بەرگێکی هونەریی و ستاتیکیی کردووە بەبەردا ، هاتووە بەزمانی خونچە و هەڵسوکەوتی تۆلێرانسەوە بەرپەرچی مەرگ دەداتەوە. ئەم تەکنیکگەلەی بەختیار کاری لەسەر کردووە، تایلەر بە بە مێتادیسکۆرسی رۆشنبیر ( intellectual metadiscourse ) ناوزەدی دەکات (Taylor, 1992, p.10). بەڵام کارێک کە بەختیار نەیکردووە لە تیۆرایزکردنی زمانی شامۆسدا، ئەوەیە کە ئەم تیۆرایزکردنەی پراکتیک نەکردووە لە دووتوێی پێچوپەناکانی ناو رووداوە جیاجیاکاندا. هاوکات مێتادیسکۆرسی رۆمانەکەی لە ئەنجامی بەسەریەکدادان و هێنان و بردنی مەبەستێکی کورت و درێژکردنەوەی پێشهاتەکان و لاوازیی زمانەوە بەتەواویی گوشیوە.

بەواتایەکی تر خوێنەر تێکەڵەیەک لە پراکتیکی زمان و تیۆرایزکردنی زمان دووچاری دەبێت کە هەریەکەیان بەشێکن لە سیستەمی خوێندنەوەیەکی جیاواز، لێکدانەوەی جیاواز و تێگەیشتن و پێوەندییگرتن بە دەوروبەرەوە بەشێوزای جیاواز جیاواز. لەم ئاقارەوە دەکرێ بڵێین لەشامۆسدا زۆربەی رووداوەکان و لەیەکچوواندنەکان و پێشهاتەکان زۆر لەیەکەوە نزیکن و زۆرترین

جاریش هەمان شت و هەمان واتا تێکەڵوپێکەڵ کراون و دووبارەو سێبارە کراونەتەوە. ئەوە جگە لەوەی زمانی بەشێک لە بەشێکی تر گونجاوترو کاراتر رایەخی ناو مێتادیسکۆرسەکە دەڕازێنێتەوە. بەپێچەوانەشەوە لەهەندێ شوێندا کەموکوڕیی لەزمانی نووسیندا بیرکردنەوەو تێرامانی خوێنەر پچڕپچڕ دەکات.

هەر لەگۆشە نیگای تێکەڵکردنی رووداوەکان و ئامرازەکاندا، خوێنەر سەرەداوەکانی نەک بەئاسانی بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵکوو وێڵ دەبێت بەدوای ئەو ئامێرانەی لەهەر رستەو پارەگرافێکدا بەکارهێنراون بۆ ناسینەوەی پێشهاتەکان و بەیەکبەستنەوەی رووداوەکان لە گورزێکی شەبەنگییدا ، ئەمەش کاتێک تووشی خوێنەر دەبێت ، کە هەست دەکات لە دەریایەکی پڕ لەفانتەسییدا سەوڵی ئەفسووناویی لێدەدات کە نامۆیە بە ناسینەوەی کۆدی مەرگەساتەکان و زۆر درەنگیش دەگاتە رۆخەکانی دڵنیابوون لەناسینەوەی کۆدەکاندا.

لەسەر ئەم جۆرە لێکدانەوەیەوە ژۆسێ مەدینا (José Medina) لەکتێبی " زمان - کلیلی کۆنسێپتەکان لەفەلسەفەدا – Language key concepts in philosophy)، ئەم ناسینەوەو بزرکردنەوەی سەرەداوەکان لە یەککاتدا بەپشت بەستن بە بۆچوونەکانی فەیلەسوف و شارەزا لەزماندا " کۆندیلاک- Condillac " شیدەکاتەوەو پێی وایە بەشێوەکی بنەڕەتیی، تەنها بە هێنانی ئامێرە بیانییەکان بۆ ناو بیری خۆمان دەتوانین کار لە لەهەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی کارەساتەکاندا بکەین( José Medina 2005, p44 ). بەختیار دروست ئەم کارەی کردووە، شتەکانی بەڕادەیەک ئاوێزان کردووە، کە تەنها بە پەنابردن بۆ ئامێری تر، یان هەندێجار بۆ هێزی ئەفسووناویی ئەسپە سپییەکان ( ئەوەی لەزمانی کوردییدا پێی دەگوتری باڵڕواندن لەئەسپ) و سیمبۆڵیزم دەتوانرێ تێگەیشتنی لێ هەڵبکرێندرێ.

لەکاتێکدا دەبووایە زمان ئەرکی یەکلاییکەرەوە ببینێ لە نەخشاندن و داهێنانی واتاو داتاکاندا لە چوارچێوەیەکی تایبەتییدا و دروستتر لە تێکستێکی دیارییکراودا. بە باوەڕی ژۆسێ ( José ) ، کۆندیلاک مامەڵەی لەگەڵ زماندا لەم رەهەندەوە دەکرد، وەک دیاردەیەک کە تەنها لە پراکتیکی نووسیندا بەتەواویی توێکاریی دەکرێ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخەی بەختیار لەپراکتیکی زماندا لەجیاتی ئەوەی توێکاریی باسەکە بکات، ئاڵۆزیی زۆرتری سەپاندووە بەسەر دەقەکەدا. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو تایبەتمەندییەی بەختیار داوێتی بەزمانی نووسینی شامۆس خاراو نییە بەئەندازەیەک کە پڕ بەپێستی مەزنیی رۆمانەکەی بێت. بەواتایەکی تر بەختیار چەند زمانی کوردیی لەشامۆسدا باڵا پێکردووە ئەوەندەش بە ئەبستراکتیی ستەمی لە چەمکی زمان و داتاکانی زمان کردووە.

بەپێی روانینی تایلەر ئەم بەیەکداپرژان و تێکچرژانانە لەزماندا دەکرێ لە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی زمانجەڕاندندا سنووردار و رشت بکرێ. تەیلەر باوەڕی وایە کە چۆمسکی و کۆندیلاک ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە "رشتبوون لەسروشتی زماندا ، رشتبوونە لە لۆژیکی زماندا ، کە ئەمەش بۆ خۆی رەوانبێژییەکی باڵا لە گوتاری ئەدەبییدا بەدەردەخات". ( Taylor, 1992, pp.69-70) . هەرچی بەختیارە زمانی شامۆسی بەرادەیەکی زۆرسەیر داوە بەسەریەکدا کە ئەوەندەی رشتبوون لە سروشت و فانتەسیی زمان، بەسەریەکدا یەقیکردووەتەوە ، ئەوەندە لۆژیکی زمانەکە نەپارێزراوە. بە دەربڕینێکی تر رشتبوون لە لۆژیکی زماندا بە قوربانیی رشتبوونی کاراکتەر و فانتەسیی زمان کراوە.

لێرەدا بەختیار دەتوانێ ئەوە بکات بە بیانوو گوایە ئەو بەزمانێکی ئیتنۆمیتۆدۆلۆجی( ئیسنۆمیسۆدۆلۆجی- ethnomethodology ) هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردەکان و رووداوەکانی ناو رۆمانەکەدا دەکات. زمانێک کە لەیەککاتدا دەستەویەخە ببێت لەگەڵ ئەنسرۆپۆلۆجیاو سایکۆلۆژیای کات و شوێن و کارەسات و مرۆڤەکاندا. بەڵام نەیتوانیوە بەتەواویی

ئیسنۆمیسۆدۆلۆجی زمانەکە لە گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی ( Communication ) زانیارییەکاندا بەرجەستە بکاتەوە. هەروەک وۆدهۆوگ (Wardhaugh ) لە باسکردنی زمانی نووسین و زمانەوانییدا دەڵێ " لەیەک نیگادا ، زمانی نووسین و زمانەوانیی ، بەدەستەوەدانی وردترین پێناسەی وشەکانە، لەهەریەکە لەدەنگ و واتای وشە جیاوازەکان و و رستەکاندا " (Wardhaugh 1986:23). ئاڵۆزیی و فانتەسییکردن بەزمانەوە لەشامۆسدا هەندێجار ئاقاری واتاکان و داتاکان بەرادەیەکی گومانایی پێچەڵ پێچەڵ دەکات و هەندێجار خوێنەر وا هەست دەکات بەسەر کۆمەڵێ بارستاییی سپییدا دەڕوات ، خرمەی دێت لەژێر پێیداو ناشزانێ بەفرە یان خوێیە کە خرمەی دێت.

گرنگیی نووسین لە پرۆسێسێکی ورد و کارامەدا بەدەردەکەوێ، نووسەر لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە خۆی یەکالآدەکاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر خۆی دەتەقێنێتەوەو ناوەڕۆکی خۆی و هێزی ڕاستەقینەی خۆی و میسۆدۆلۆجی خۆی لەتوانست و دەستڕەنگینیی لەنووسیندا بۆ خوێنەر ساغدەکاتەوە. ئەگەرچیی لەسەرەتاشدا بەشێوەی ڕەشنووس لە بیری نووسەرەوە برژێتە سەر پەڕەی نووسین، دواتر پاش دەستکاریی و پێداچوونەوە دەبێت بەدەقێک کە بەپردی نێوان نووسەر و خوێنەر دەناسرێتەوە. سەیر لەوەدایە بەختیار وەک ناودارترین نووسەری کورد و تەنانەت بەتواناترین لە ناوچەکەشدا بۆچیی گرنگیی بەزمان نادات؟ لە کاتێکدا یەکێ لەهەرە هۆیە سەرەکییەکانی ڕۆیشتنی ڤیتگنشتاین (Ludwig Wittgenstein ) لە ئەندازیارییەوە بۆ کێڵگەی فەلسەفە، گرنگیی زمان بووە بەلایەوە.

بەختیار بڕوای بەچەمکی "گەمەی زمان" هەیە، کە هەروەک خۆی دەڵێت "چەمکێکی بنەڕەتی فەلسەفەی ڤیتگنشتاینە" (بەختیار عەلی، 2005). هەرچەندە ئەم نووسینە بڕوای وایە "گەمەی زمان" نەک هەر چەمکێکی بنەڕەتییە ، بەڵکوو دۆکترینی تێزە فەلسەفییەکانی ڤیتگینشتاینە لە پێوەندیی نێوان داتاکانی زمان و جیهاندا بەگشتیی و بەکارهێنانی ئەو داتایانە لە زمانی فەلسەفەدا بەتایبەتیی.

ئەگەر بە دۆکترینەکەی ڤیتگینشتاین(Wittgenstein ) بێت کە بە "گەمەی زمان – language game " ناوبانگی دەرکردووە ( Wittgenstein, 2001, pp.17-19 ). ئەوە بەختیار عەلی کە لەهەمووکەس زێتر حەزی بەگەمەی زمانەو چاوشارکێ لەگەڵ دەق و ڕستەو وشەدا دەکات، بەڵام ئەو وازییەی بەختیار دەیکات بەزمانەوە، لە زۆر شوێندا کەموکوڕیی پێوە دیارە و بەختیار لەم گەمەیەدا گەمەبازێکی دەستوپێ سپییە، چونکە گەمەی زمان چەند گرنگە لەئاخافتن و خوێندنەوە و کردنەوەی زۆربەی کۆدەکانی ناو پەیکەری زماندا ، لەهەمان کاتیشدا گەیاندنی پەیام و وەرگرتنی پەیامی بەرامبەریشە. لەسەر ئەم بناغانەوە، نووسین گرنگیی و ناوەڕۆکی ئەو گەمەیەیە کە گومانی تێدانییە دەبێتە بڕبڕەپشت و چارەنووسی گەمەکەو هەموو گەمەکەش بە پێوەری فەریکیی و خەمڵیویی نووسین دەپێورێ.

وشەکاریی، یانژی وشەبازیی لە زمانی کوردییدا کەس بە ئەندازەی شێرکۆ بێکەس تێیدا سەرکەوتوو نەبووە، هەندێ جار شێرکۆ بە دانانی وشەیەکی بەهێز و کەمبیستراو گیانی کردووە بەبەر تەواوی شیعرێکدا. ئەم وشەبازییە لای بەختیار خراپ شکاوەتەوە. نەک بەو مانایەی کە پیرۆزیی دەقەکەی لەدەست دابێت وەک ئەوەی فریچ ( Frege Gottlob 1848-1925 ) خوێندنەوەی بۆ هۆڵیزمی ( هۆڵیزم بەمانای فەلسەفە نییە لێرەدا ) دەق و ڕستەو وشە هەبێت. ئەوەی کە بەشێوەیەکی باو لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا بە ( ڕێسای دەق – Context principle ) ناو دەبرێت و فریچیش لەم

ڕوانگەیەوە باوەڕی وایە کە تەنها لەدەقی ناو ڕستەدا، وشە هێز و داتاو واتای تەواوی هەیەو سەربەخۆیی خۆی دەسەپێنێت ( Frege, 1997, pp90-109).

بەپێچەوانەی نووسینەکانی بەختیار عەلییەوە، کە دەبێ کۆنکریتترین ئەدەبی ئەو بێت ، کەچیی لە مێتافۆر ( metaphor– فیگەری ئاخافتن ) دا زۆر سەرکەوتووترە، ئەو وەک ڕۆماننووسێک کاتێک گێڕانەوەکان لەرێگەی کاراکتەرەکانەوە دەنووسێتەوە لە مێتافۆردا زۆر سەرنجڕاکێش و بەهێزن ، بەڵام کاتێک دەبنە تێکست و لەرستەو وشەدا ئۆقرە دەگرن و کەنار دەگرن، خوێنەر هەست دەکات مێتافۆرەکان وەک خۆیان جێکەوت نەبوونە. نیچە ( نەک نیتشە ) لە وتاری " لەسەر راستیی و درۆ لە چەمکی نامۆڕاڵییدا – On truth and lies in a non-moral sense ) چۆن پێیوایە کە راستیی ( حەقیقەت) چەمکێکی پەتیی نییە، بەهەمان شێوەش پێیوایە زمانیش کەڵکەڵەمان لەسەر راستیی دەداتێ، نیچە لەو باوەڕەدایە کە ئاخافتن لە زماندا گەمەکردنە بە مێتافۆرەکانی زمان، سەرنجی نیچە لەسەر میتافۆر لەو شوێنەوەیە کە چۆن دەکرێ لەکاتێکدا هەموو وشەکان خۆبەخۆ مێتافۆرن و بیانکەین بە ئۆبجێکتیڤگەلێکی راستیی. ( Nietzsche, 1979, pp.79-93) .

بەهەمان شێوە، ژۆسێ مەدیناش بڕوای لە نیچەوە نزیکە و پێی وایە خەمڵاندنە هەڕەمەکییەکان ( arbitrary projection) لەزماندا نابێت بدرێ بەسەر خەمڵاندنە بابەتییەکاندا. (José Medina, 2005, pp.122-124). بەختیار بۆ ئەوەی خەمڵاندنەکانی لە کێڵگەی فانتەسیبووندا پانوپۆڕ بکاتەوە و گیانێکی نوێ و زیندوو بکات بەبەر دەقەکەدا ، هاتووە ناوەڕۆکی شامۆسی تووشی ئێسکەنەرمەی زمان کردووە.

بەختیار لە درشتییدا زۆر جوان و شاعیرانە زمان بەکار دەهێنێ، لە دەیان لاپەڕەی شامۆسدا خوێنەر تا ئاستی توانەوە تێکەڵ بە کرۆک و ئەتمۆسفیری ڕووداوەکان دەکات ، خوێنەر گریانی دێت کاتێک پەلکێش دەکرێ بەسەر وێنە تراژیدیاکانی ناو گرتووخانەکان و گۆڕەکان و ڕەشبگیرییەکاندا کە ئەوەندە جوان ڕازاندوونییەتەوە، گریانی دێت کە شەریفترین ( شەرەف بەواتا خێڵەکیی و عەرەبیی و ئیسلامییەکەی نا ) کچی کورد دالیا سیراجەدین ئەو قوربانییە بێئەژمارە بۆ خۆشەویستەکەی و هاوڕێیەتیی و بەدۆکیومێنتکردنی گۆشەیەک لەمێژووی گەلەکەی دەدات و بە ئەوپەڕی هێمنییشەوە . بەڵام کاتێک بەختیار دادەچۆڕێ لەنووسیندا، هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو جوانیی و بڵندییە لە نووسین و داڕشتن و بیری فەلسەفیی و ستاتیکدا ، خوێنەر لەپڕێکدا دەدا بەسەر تاسەیەکی رێنووسی هەڵەدا ، یان دەکەوێتە قوڵتێکە کە بە کوردییەکی خراپ پڕکراوەتەوە.

لەهەندێ پارەگرافی شامۆسدا، خوێنەر وا هەست دەکات کەسێکی بیانیی فێری کوردیی بووەو شامۆسی نووسیوە، تەنانەت هەندێجار دۆخی گراماتیکی ڕستەکانیش لەگەڵ ڕووداوەکان و کاتەکان و شوێنەکاندا ناگونجێن. د.کەمال میراودەلیی لە زنجیرە وتارێکدا لەسەر چەمکی ئازادیی ، نووسینە بەرزەکانی سۆکرات بە نموونە دەهێنێتەوە کە چۆن "ئەلیسبادس لەو دیو یاریی وشەکانەوە ڕۆحی سۆکرات دەبینێ و لەشی خۆی پێشکەش بەرۆحی دەکات نەک لەشی بەرواڵەت دزێوی" ( میراودەلیی، 2006 ) . پوختەی ڕووداوەکە ئەوەیە کە ئەلیسبادسی قۆز شەیدای زمانە باڵابەرز و وشە جوانەکانی سۆکرات دەبێت ، هەرچەندە سۆکرات زۆر دزێویشە لەسەروسیمادا. بەداخەوە کەموکوڕیی زمانی شامۆش کاریکردووەتە سەر ئەو پرۆژە بڵندو ئەو بەهرە زۆرەی لە شامۆسدا خەرجکراوە. کەموکوڕیی لەزمانەکەیدا بەشێکی بەرچاو لەلایەنە گەشەکانی کاڵدەکاتەوە. بەڕاستیی کەمتەرخەمییەکی گەورەیە سەرەڕای ئەو هەموو شەنگیی و مەزنییەی لە شامۆسدا هەیە، کەچیی کەم تا زۆر بەدەست لاوازیی و دزێویی زمانەوە بتلێتەوە.

میکایل باکتین( میخایل باختین ( Michail Bakhtin ) ی زمانناس و رەخنەگری ئەدەبیی، زمانی نووسینەکانی دۆستۆیافسکی وەک یەکێک لە بەهرەمەندارترین رۆماننووسەکانی جیهان، زۆر بەوردیی دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، تا هەنووکەش لە زانکۆکانی رۆژئاوا و نێوەندە ئاکادیمکییەکان و رۆشنبیریی و ئەدەبییەکاندا بەهایەکی گرنگی هەیە و بەسەدان توێژینەوە لە هەناوی رەخنەکانی باکتینەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەر گرنگیی تێزە رەخنەییەکانی چەندین نێوەندی ئاکادیمیکیی و توێژینەوەی رەخنەیی و زمانەوانیی بەناوی ئەوەوە ناونراوە. زۆر زۆر گرنگە هەر رەخنەگرێکی کورد لەبواری ئەدەبییدا بیەوێ رەخنەی ئەدەبیی بنووسێ، پێویستە رەخنەکانی باکتین زۆر بەوردیی بخوێنێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لەرۆمانەکانی بەختیار عەلی بەگشتیی و شامۆس بەتایبەتیی، خوێنەر پێویستی بەوەیە لەکاراکتەرە سەرەکیی و پاڵەوانەکانی ناو رۆمانەکانی بەختیار بگات، هەر خوێنەرو رەخنەگرێک لە زمان و کارکردو ئامانجی کاراکتەرەکانی ناو رۆمانەکانی بەختیار نەگات، لە رۆمانەکانی بەختیار ناگات و لەم رێگەیەشەوە پەنا بۆ رەخنەی سووک و بازاڕیی دەبات و بەئەندێشەی خۆی دەیەوێ لە بەهرەی بەختیار کەمبکاتەوە. بەختیار زۆرباش دەیپێکێ کاتێک بەهەندێ لە رەخنەگرانی دەڵێ لە رۆمانەکە نەگەیشتوونە.

باکتین لەسەر رۆمانەکانی دۆستۆیافسکی دەڵێ " ئەوەی گرنگە بەلای دۆستۆیافسکییەوە، ئەوە نییە کە چۆن پاڵەوانەکانی ناو رۆمانەکانی لە جیهاندا دەردەکەون، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن جیهان لە پاڵەوانەکاندا دەردەکەون و چۆن ئەو پاڵەوانانەش لە کەوڵی خۆیاندا دەردەکەون " (Bakhtin, 1963, p.47) . درێژەی دەداتێ و لە بەشێکی تری بۆچوونەکانیدا لەسەر کاراکتەری پاڵەوانەکان دەڵێ" بۆ دۆزینەوەو ناسینەوەی کاراکتەرەکان، بوونی فەرمیی پاڵەوانەکان گرنگ نییە، ئەوەندەی ئیمەیج( image ) و کۆکراوەی برێ ئاگاییە گشتییەکان و ئاگایی پاڵەوانەکە گرنگە" (Bakhtin, 1963, p.48) .

ئەم توێژینەوە کورتە پێیوایە بەختیار زۆر وەستایانە ناوەڕۆک و رووکاری کاراکتەرەکان و پاڵەوانەکانی گەشکردووەتەوەو خوێنەری وریا زۆرباش دەتوانێ بیانناسێتەوە، ئەو ئاگاییەی لەهەریەک لە کاراکتەری دالیا سیراجەدین و جەلادەتی کۆترو نهێنییەکانی ئەواندا هەیە، وێنەیەکی زۆر بڵندە لە ناسینەوەی کاراکتەرەکان لەناو تەپوتۆزی رووداوەکاندا. هەرچەندە ئەمەیان لەسەر جەلادەتی کۆتر کەمتر دەردەکەوێ. کەچیی سەرەڕای ئەو هەموو بڵندییەش لە دابەشکردنی ئەرکی کاراکتەرەکاندا، بە ئەفسووسەوە زمانی شامۆش وەک خۆرە، زیان لە باڵای کەڵەگەتی کاراکتەرەکان و سەرجەم رۆمانەکە دەدات.

لەرۆمانی باو و لاکۆڵاناندا چەمکی " پرەنسیپی نوێنەرایەتی" زۆر باوەو بازاڕی گەرمە، بەختیار بەپێچەوانەی زۆر لەکەچە رۆمانە کوردییەکانەوە نەک هەر ئەم تەلیسمەی شکاندووەو خوێنەر دەباتە ئاستێکی زۆرپڕ لەخرۆشان و واق-وڕمان و تێڕامان، شیعرییبوونی شامۆش ئەوەندە جوانە، خوێنەر هەندێجار چەندین لاپەڕە دەخوێنێتەوە، وا دەزانێ پەخشانە شیعرێک دەخوێنێتەوە. بەختیار وەک دۆستۆیافسکی ئەم خووەی هەیە لەنووسینی رۆماندا. دەکرێ بگوترێ هاوبەشییەک لە نێوان شیعرییبوونی رۆمانەکانی دۆستۆیافسکی و بەختیاردا هەیە. رەخنەی باکتین لە دۆستۆیافسکی ئەوەیە کە " ئایدیای رۆمانەکانی دۆستۆیافسکی نە پرەنسیپی نوێنەرایەتییە بە شێوازە کلاسیکییەکە و نە لایتمۆتیفی ( leitmotif - بابەت یان دەقێکی سەرەکیی و زاڵ لە ناو رۆماندا ) رۆمانە و نە بەدەستهێنانی سەرئەنجامێکی تیۆریی و فەلسەفییە، بەڵکوو ئۆبجێکتیڤبوونی ئەو (نوێنەرایەتییە) یە" ( Bakhtin, 1963, p 24 ).

سەرەڕای ئەوەی ئایدیای شامۆس لە سەر زەوی وڵاتێکە ناوی عێراقەو پاڵەوانەکان دیارن و کارەساتەکان زانراون و کەم تا زۆر دۆکیومێنتکراون، بەڵام پرەنسیپی نوێنەرایەتیکردن لەگەڵ لایتمۆتیفەکاندا زۆرجار بەڕادەیەک تێکەڵاو دەکرێن، کە جگە لە تێکەوڵێکەی دەقێکی دووروودرێژ و دووبارەبووەوە، هیچی تر ناگەیەنێ . چاوە ڕەشەکانی سامیری بابلیی و تەڕبوونەکانی وەک باڵدار و لەبەر باران ئەوەندە دووبارە بوونەتەوە مرۆڤ تووشی دانەجیرەو قەڵسبوون دەکات. ئەو هەموو دووبارەکردنەوەیەی لەشامۆسدا هەیە، ئەگەر دەربکرێن نزیکەی سەد لاپەڕە لەقەبارەی ئێستای کەم دەبێتەوەو لایتمۆتیفەکانیش باشتر دەردەکەون.

هەر لەسەر باکتین و وەرگێڕانی بەرهەمەکانی و لە پێوەند بە وەرگێڕانی ڕۆمانی شامۆس بۆ ئینگلیزیی و ئەدەبی جیهانیی، ئەرکێکی مێژوویی و سیاسیی و مۆراڵیی و ئەدەبیی ئاکادیمستان و ئەدەبدۆستان و ڕۆشنبیرانی کوردە ئەم ئەرکە ئەدەبییە لەئەستۆ بگرن. بەختیار دەکرێ ببێ بە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئەدەبی کوردیی لەناو ئەدەبی جیهانییدا. باکتین تا ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو لە چەند شارێکی یەکێتیی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بترازێ ناووناوبانگی جیهانیی نەبوو، بەڵام بەوەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ زمانە جیهانییەکان و زمانی ئەدەبی ڕۆژئاوا بەتایبەتیی , وەک تەنینەوەی ئاگر لەپووشەڵاندا تەنییەوە.

لەو کاتەوەی باکتین لەڕۆژئاوادا ناسرا و بوو بەو ناودارە مەزنەی جیهان، هەمیشە دەتەقێتەوە، تەقینەوەگەلێکی بەردەوام وەک ئێمێرسن دەڵێت، ڕەخنەگرانی ئەدەبیی و تیۆریستانی ناو ڕۆشنبیرانی بەدەردێک برد کە سەرلەبەر بە چەمکگەلێکی باوو سواودا بچنەوە لە چەشنی ئەدەبی دایەلۆگ و کارنەڤاڵ و کۆڕوباسەکان و کرۆنۆتۆپەکان ( تێرمێکی زمانەوانیی بوو بۆ یەکەمجار فینۆلۆجیست باکتین بەکاریبرد، لە تەوەرەی کات - بۆشایی دەکوڵێتەوە—chronotope ) لەمەڕ ئەدەبی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو، چونکە باکتین پێشوەخت لەدەرگای ستراکتۆریزم و پۆستستراکتۆریزمی دابوو( Emerson, 2002). بەواتایەکی تر ئەو زۆر لەپێش بووە و شەڕی سارد و ئایدۆلۆژیی نێوان دووجەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە گەشەو ناوداریی ئەو بەرپرس و بەربەست بووە

## بەشی چوارەم

میشێل فۆکۆ لە یەکێ لە وانەگوتنەوەکانیدا لە کۆلێژی Collège de France ساڵی 1970، گوتارێکی پێشکەشکردووە بەناوی دیسکۆرس لەسەر زمان "Discourse on Language" کە دواتر بە "ئارکیۆلۆجی زانین knowledge و دیسکۆرس لەسەر زمان" ناوبانگی دەرکرد ( Smith, 1972, p215 ). فۆکۆ ئاماژە بە دۆخێک دەدا کە دیسکۆرس ئەو چوارچێوانە دەردەخات کە دەتوانرێ ، بەگوتنیان و بیستنیان هەستیان پێبکرێ.

ئەم جۆرە تێزە سەرەڕای ئەوەی کەم تا زۆر کەوتووەتە بەر ڕەخنەو شیکردنەوەی جیاواز جیاوازەوە، بەڵام گرنگیی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای فۆکۆ سەرەڕای ئەوەی لەسەر پێوەندیی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر بووە تا چوارچێوەگەلێک کە نووسەر یان دانەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات( Smith, 1972, PP.216-237 )، بەڵام لەمەڕ وردەکاریی دیسکۆرسی زمان و زمانی نووسیندا بایەخێکی زۆری هەیە.

هەر لەهەمان گوتاردا فۆکۆ جەخت لە دوو تەوەرەی سەرەکیی چەمکەکانی ناو گوتارەکە دەکاتەوە کە " دیسکۆرس" و " ئەرک و کارکردی دانەرە – the author function "، کە پێیوایە نووسەر یان دانەر ئازادە لە داڕشتنی نەخشەسازیی و هێڵکاریی ناو بابەتەکەی و خوێنەریش بەهەرکوێیەکدا ببات. لێرەدا ئازادیی نووسەر لەوەدایە کە چۆن رنەکاریی لە تەکنیک و ناوەڕۆک و میتافۆر و تەنانەت دیسکۆرسی زمانەکەشدا بکات، بەڵام بەو واتایە نییە کە ئازادیی هەبێت زمانێک لەناو زمانێکی تردا دروست بکات لەئەنجامی رەنێوهێنانی بیری خۆیەوە.

جۆرە دەستەواژەگەل و دەربڕینێکی تایبەت هەیە بەختیار وا پێدەچێت لە تێکەڵەیەکی فارسیی و کوردیی و عەرەبییەوە بەرهەمی هێنابێت. زمانی عەرەبیی پێش هاتنی ئیسلام بەس رەنگی لەم عەرەبییەی ئێستا دەچوو، بەڵام پەیامبەری ئیسلام توانیتی زۆر وشەی نوێ بهێنێتە نێو زمانی عەرەبییەوەو زاراوەی هۆزی قورەیشیش بەسەر زاراوەکانی تری زمانی عەرەبییدا زاڵبکات و بەهۆی قورعانیشەوە توانرا چەندین وشەی داتاشراو و پەژمردەو نەبوو، لە زمانی عەرەبییدا جێکەوت بکرێن. مەگەر بەختیاریش دەیەوێ لەسەر زمانی کوردیی هەمان کار پێڕۆ بکات!

بەختیار لە لاپەڕەی 211ی رۆمانەکەیدا بۆ ئەوەی دەمی زۆرکەس لەسەرخۆی دابخات ئەگەر نیازیان هەبێ رەخنەی لێبگرن، کەوتووەتە لاقرتێکردن بە رەخنەگران و ئەوانەی لەبواری زمانەوانییدا سەرەلەقێ دەکەن. ئەم نووسینە لەو باوەڕەدایە، ئەو سەرنجانەی لەزمانی عەلی شەرەفیارەوە دەدرێت، کە دەڵی " من لەو ساتەدا وەک ئەو ڕەخنەگرانە هاتە بەرچاوم کە لەو دەورو زەمانەدا بەچاخانەکاندا دەسوڕانەوە، لەناو ڕۆژنامەکاندا تەراتێنیاندەکرد و دونیایان بەو جۆرە تێبینییانە سەرقاڵکردبوو...........ها گوێبگرە دواجار گەر ڕۆژێک ئەو کتێبە دەرچێت خەڵک ڕەخنە لە من دەگرن...سەد کەس هەن لەم سەرەو سەری دونیادا، لەسەر ئەم کاسبییە دەژین، کە کاسبی نوسەرە بێبەهرەکانە، پێویست ناکات تۆ سەری خۆت بەوەوە بێشێنیت" تەنها پێشبینییکردنی ئەو رەخنانەی دێنە کایەوە لەسەر زمانی شامۆس ، بەختیار عەلی وا لێدەکات ئەو چەند رستەیە بئاخنێتە ناو رۆمانەکەوە.

بەڕاستیی ئەگەر بەختیار عەلی نەتوانێت کۆنترۆڵی زمانی زگماکیی خۆی بکات کە زمانی کوردییە ، ئەوە دڵنیابێت بەم تەمەنەی ئێستایەوە هەرچی زمانێکی تر فێرببێ یان ئەوەی تا ئێستاش دەیزانێ لە زمانەکانی تر لەم کوردییەی ئێستای باشتر نابێ. تەنها ئەو پارەگرافەی لە رۆمانەکەی بەختیار وەرگیراوە، هەڵەی داڕشتن و زمانەوانیی زۆر تێدایە، بەڵام ئایا دەکرێ رۆمانێکی مەزنی لەم چەشنە بنووسی و ئەو هەموو هەڵەیەت بەسەردا تێپەڕببێت. هیچ کەس نییە هەڵە نەکات، ئەم توێژینەوە کورتەش پاش چەندین جار پێداچوونەوە، کەچیی هەر هەڵەبڕیی یەکجاریی ناکرێ. بەڵام هەڵەش تا هەڵە کەوتووە. هەرچەند گەڕام بۆ وشەی (ئێش ) نەمتوانی لە ( بێشێنێت ) دا بیدۆزمەوە، باشتر نەبوو بنووسێ بیەشێنێت ، یان بئێشێنێت.

بەختیار کە لە ئەوروپا دەژیت، دڵنیابێت ئەگەر نووسەرێکی رۆژئاوایی ئەو جۆرە هەڵانە لەزمانی نووسیندا بکات، جەماوەری نووسینەکانی لەدەست دەدات و دەشبێتە جێگەی کاریکاتێر و پێکەنین. تائێرەش ئەگەر کورد چەندین نووسەریان بەخشیوە، یان زۆر بەهەند وەریاننەگرتووە ، پێوەندیی بە دەردەسەریی زمانی کوردیی و نەبوونی ستانداردێکی پرۆفیشناڵەوەیە، ئەگینا ئەمە نابێت هەروا بەئاسانیی بە رۆژگار بسپێردرێت و خەمێکی لێنەخوردرێ.

تەنها شارەزاییم لەزمانی عەرەبیی و ئینگلیزییدا هەیە، بەڵام ئەم بێدەربەستییەو خەمساردییەی لەزمانی کوردییدا هەیە پێموایە لە هیچ زمانێکی تردا نییە. زمانی عەرەبیی بۆخۆی زمانێکی پاراوە و رەوانبێژییەکی بێئەندازە قووڵی هەیە و وریایی و

شارەزاییەکی زۆری دەوێت بەعەرەبیی بنووسیت و نەکەویتە هەڵەو داوی زمانەوە. بۆ ئەدەبی نوێی ئینگلیزیی و زمانی ئینگلیزییش زۆر ئەستەمە نووسینێکی ئاکادیمیی یان رۆمانێک هەبێت لەچاپ درابێت و چەندین کەسی پسپۆر لە زماندا پێیدا نەچووبێتنەوە، هەر هیچ نەبێ لەبەر ئابڕووی چاپخانەو دەزگای چاپکردنەکە کە کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە،لای کەم کەسێکی پسپۆر لەزماندا، پێش لەچاپدانی بەزمانی تێکستەکەدا دەچێتەوە.

لەروانگەی تێڕوانینەکانی فۆکۆوە بۆ دەسەڵات و رۆشنبیر، بەختیار وەک رۆشنبیرێکی چالاکی کورد، هاتووە بەجوانترین و بەکەڵکترین دیسکۆرس و جوانترین زمانی فانتەسیی و دایەلۆگی رۆمان و تەرزی ستاتیکیی ، سەراپای دەسەڵاتی عەرەبیی و ئایینیی و بەعسیزمی شۆریوەتەوە، تەنانەت کەوڵی ئەو میلیشیایانەیشی پێستەتاش کردووە کە بەناوی کوردایەتیی و پێشمەرگایەتییەوە نان و رۆنیان بە ئێسک وپرووسکی قوربانییەکانی ئەنفالەوە دەخوارد و ئامادەبوون دەیان تاوانباری وەک سامیری بابلیی و نەزارلخەزرەجیی و وەفیق سامەڕائیی و تەحسین شاوەیس بپارێزن و پاکانەیان بۆبکەن و تەنانەت بە پاڵەوانیشیان بکەن. سەرەڕای هەموو ئەو داشۆرینە مۆراڵیی و مرۆیی و سیاسیی و کولتوورییەی لە دەقێکی مەزنی وەک شامۆسدا بەسەر دەسەڵات بەگشتیی و دەسەڵاتی رەهای بەعس و بەعسیزم و حیزبە کوردییەکاندا بەتایبەتیی هێنراوە، چەند لەناوەڕۆک و کۆنتێکستەکاندا کەڵەگەت بن، کەچیی بەداخەوە لە چرۆی زماندا شکاونەتەوەو سەرلەبەر شامۆسی تێدا هەڵپاچکراوە.

گارەی Hernán López-Garay لەسەر بناغەو دۆکترینە زمانەوانییەکانی هایدێگەرەوە Martin Heidegger کە دەڵێ " زمان لە میانەی ئێمەوە دەخائفێ" "language speaks through us, "، بۆچوونێکی زۆر وردو سەرنجڕاکێشی هەیە، ئەو پێیوایە سەرەڕای ئەوەی هەر کۆمەڵگەو نەتەوەیەک، زمانی داڕشتن و دیسکۆرسی جیاوازی خۆیان هەیە، بەڵام ئەگەر زمان داماڵیت یان ئەوەی پێی دەڵێن ئەبستراکتی بکەی لە کۆنتێکستە کولتوورییەکەی، وەک ئەوەی هەندێ کەس پێی دەڵێن زمانی ئینتەرناسیۆنالیی international language، جگە لە شتێکی پووچ و لاشەیەکی مردوو corpse، فڕی بەسەر زمانەوە نامێنێت ( Garay, 2001 ).

بەختیار عەلییش وەک نووسەرو بیرمەندێکی کورد دەبێ خاوەن دیسکۆرسێکی پتەو و رەهەند روون بێت. ناکرێت کورد رۆماننووسێکی گەورەی وەک بەختیار عەلی هەبێت ، پرۆژەیەکی تیۆریی لەسەر زمان نووسیوەو چالاکترین نووسەری هاوچەرخی کوردە ، کەچیی لە زۆر شوێنی نووسینەکانیدا وێرانەی پێوە دیارە. ناکرێ دیسکۆرسی گوتارەکانی بەختیار لەناوەڕۆک و بەهای ستراتیژیی و کارکرد لەکۆمەڵگەدا بەهێز بن ، بەڵام لەمەڕ وردەکارییەکانی زمان، لەسەر رینگ بڕۆن. لەمەڕ روانگەی گارەیەوە، شامۆس بەتەواوەتی پێوەی دیارە کە زمانی کوردیی لە ریتمە کولتوورییەکەی خۆی ئەبستراکت کراوەو لاسایی زمانگەلێکی بیانیی پێکراوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گرفتی تێگەیشتنە کولتوورییەکان و ناسینەوەی بارگەو ئاراستەی واتا شاردراوەکان و ستاتیکای ناو زمانی کوردیی کراوە بەقوربانیی بۆ حەزێکی فانتەسیی کە بەدڵنیاییەوە جگە لە زیانگەیاندن بەزمانی کوردیی ، دەستکەوتێکی تری نابێ.

ئەگەر لایەنی گرامەنۆلۆجی بەتەواویی بخەینە لاوە، هێشتا لۆژیکی زمان لە تەتەڵەکردنی تێکستەکەدا لەلایەن خوێنەری بەڵەدەوە بە ئاسانیی هەستپێدەکرێ. یەکێک لەگرنگترین نووسینەکانی رەسڵ لەسەر دیارییکردن و بەهێماکردنی دیاردەکان کە بە on denoting ناسراوە، گرنگیی دەستنیشانکردنەکان لە لۆژیکی زماندا شیکار دەکات و زۆر بەوردیی ئاماژە بەوە دەدات کە گرنگیی دەستنیشانکردن هەر لە لۆژیک و ماتماتیکدا نییە، بەڵکوو لە تیۆری زانینیشدا knowledge هەیە،

هەروەها گرنگیی کۆنسێپتی on denoting لە ناسینەوەو رچەشکاندنی ئالۆزییەکانی زماندا لە پێکهاتەکانی constituents بەشە جیاوازەکان و وشە پەرتوبلاوەکاندا دەکاتە سەرمەشقی ناسینەوەو بەیەکەوە لکاندنی تێرمەکان و واتاکان و لەسەرەنگ دانیان لە ناو رەوشی زماندا (Russell 1905 ).

ئەگەر ئەم بۆچوونەی رەسڵ لەگەل دەربڕینەکانی بەختیاردا لەسەر دوو ئەسپە سپییە ئەفسووناوییەکان بکەینە بەرامبەر یەکەوە، بەئاسانیی تێدەگەین ئەو زمانە پڕ لەتەمومژەی ambiguity بەختیار نەک لە دیارییکردنی ئاماژەکان و ئامانجەکانی بەکارهێنانی ئەسپ و گرێدانەوەی بە خولیاو بیری جەلادەتەوە خوێنەر تووشی دەردەسەریی دەکات، هاوکات جگە لە ئەفسانە دروستکردن لەدەقدا خوێنەر بەهیچ تەڕاییەک ناگەیەنێت کە دەمی وشکی پێ تەڕبکات. بەواتایەکی تر بەختیار دەیەوێ پێوەندیی نێوان زمان و "واقیع" بپچڕێنێ. چونکە بەختیار ئەوەندەی لەخولیای ئەوەدایە کە پێوەندیی نێوان زمان و "واقیع" بپچڕێنێت، ئەوەندە بەشوێن ئەوەوە نییە کە "واقیع" لە واقیعی زماندا ئۆقرە پێبگرێ، بەبێ ئەوەی سروشت و گیانی زمانەکە لە دۆخە کولتوورییەکەی ئەبستراکت بکات.

زانستی سیماسیۆلۆجی (*semasiology* ) لە ئەدەب و زمانی نووسیندا نەک هەر بایەخێکی زۆری هەیە، بەڵکوو کۆڵەگەیەکی سەرەکیی دیارییکردنی هێڵکارییەکانی ناو زمانیشە. فانتەسییکردن بە زمانەوە تا جێگەیەک خۆشە کە چێژ بەخوێنەری وریا بگەیەنێ. ئەگەر لە سنووری سیمانتیکسی ( semantics – لیکۆڵینەوە لە واتاکانی زمان ) خۆی تێپەڕی کرد، جگە لەبەیەکدادان و هێنان وبردن شتێکی تر رەنێو ناهێنرێ. سیمانتیک لە نووسیندا زۆر گرنگە، چونکە بەتێکستەکەیدا هەرچەندە ئالۆزیش بێت وێنەی ئەو بەری ئەندێشەی وشەکان رەنگڕێژ دەکرێ.

ئەم بێدەربەستییەی لە شامۆسدا هەیە لەمەڕ سینتاکسی ( Syntax – شێوازی داڕشتن لە رستەوزماندا یان رەوانبێژیی زمانەکەیەوە ) خاڵێکی سەرەکییە لە لاوازیی زمانی رۆمانەکە. بۆ ئەدەبی رۆژئاوا ئەمە بایەخێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکوو مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. هەر دەقێک، بەتایبەت ئەگەر دەقێکی مەزن و نەمر بێت، بینین و روانین ( vision ) بەچیی دەچێت تێیدا ئەگەر سەروگوێلاکی سینتاکسەکەی شکابێت؟ ( Black, 1962, p.117 ).

زمان چەند گرنگیی هەیە لە بواری فەلسەفیی و تیۆریی و ئەدەبدا، ئەوەندەش لە قەبڵاندنە ئاکادیمیکییەکاندا گرنگیی هەیە. ئاکادیمییبوون بە وەرگرتنی بڕوانامەی بەرز نییە، سەدان نووسەر و رۆشنبیری گەورە هەن لە پڕۆسەو سیستەمی ( خوێندن ) ەوە پێنەگەییوون، بەڵکوو لە ئەنجامی خۆماندووکردن و خوێندنەوەی تایبەتی خۆیانەوە پێگەیشتوون. کەم نین ئەو پیاوە بەناو ئاکادیمیستانەی لە زانکۆکانی کوردستاندا لەبری وتنەوەی زانین و رۆشنبیریی ، زبڵوزاک دەڵێنەوە.

بۆ ئەوەی نووسەرێکی پڕ بەهرەبیت و بۆچوونە تیۆریی و ئەدەبییەکانت باشترو کاریگەرتر بگەیەنیت بەخوێنەر، دەبێت نووسەرێکی چاک بیت لەبواری زمان و رەهەندەکانی زمانیشدا. یەکەمین چاینییس ( Chinese – خەڵکی وڵاتی چاینە ) کە خەڵاتی نۆبڵی لەئەدەبدا بردەوە گاو زینگیان Gao Xingjian بوو کە لەساڵی 2000 دا خەڵاتی نۆبڵی لەئەدەبدا بەدەستهێنا. ئەم رۆماننووسە، هاوکات چیرۆکنووس و هونەرمەندی وێنەکێشان و وتارنووسی سیاسییش بوو، لە کورتە پێشەکییەکەی دەزگای نۆبڵ لەوڵاتی سویددا هاتووە، کە " بۆ شاکارە ئەدەبییەکانی oeuvre لەئاستێکی جیهانییدا، وردبوونەوەو تێگەیشتنە تاڵەکان و بلیمەتیی لە زماناسییدا کە رەوگەیەکی نوێی لە رۆمان و درامای چاینییدا کردەوە" پێیدراوە.

## بەشی پێنجەم و کۆتایی

ئەم بەشە کۆتایی بەم زنجیرە وتارە لەسەر زمانی شامۆس دەهێنێت، لە داهاتوودا ئەگەر بکرێ لە دووتوێی باسێکی دوورودرێژ و چڕوپڕدا لە گۆڤارێکدا بڵاوی دەکەمەوە. لەسەرەتاوە ئەم نووسینە لەو باوەڕەدا نەبوو کە باسەکە ئەوەندە بکێشێ ! بەڵام بەڕاستیی شامۆس زۆر لەوە قووڵترو پەلوپۆهاوێژترە کە بەچەند وتارێک بتوانیت مافی خۆی بدەیتێ. بۆیە داوای لێبووردن لە خوێنەرانی ئاوێنەو سایتی دەنگەکان دەکەم کە درێژەی کێشا.

ئەم باسە لەکۆتاییدا تەنها وەک مشتێک لە خەروارێکی گەورەی هەڵەی رێنووس، چەند وشەیەک وەردەگرێت، کە بەداخەوە نەدەبوو بەهیچ کلۆجێ بەسەر بەختیار و چاپخانەی رەنجدا تێپەڕبووایە. رەنگە بەشێکی کەمی ئەم هەڵانە هەڵەی چاپ و تایپکردن و ئەو شتە دێزەی پێی دەڵێن هەڵەبڕیی بن، بەڵام زۆربەیان بەسەر بەختیار و چاپخانەو هەرکەسێکیش پێیداچووبێتەوە تێپەڕی کردووە. لەوانە: هاوڕێتی لا17 ( هاوڕێیەتیی ) ئافرەین لا17 ( ئافەرین) ، بەرتەقا لا42 ( بارتەقا)، بونبەست51 ( بنبەست).

بەختیار سەرەڕای ئەوەی ویستوویەتی لەشامۆسدا بەزمانێکی پانوپۆڕ رۆڵی کاراکتەرە سەرەکییەکان دەربخات و زاراوەی زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیشی بۆ دایەلۆگە رەشۆکییەکان Slang ، بەکاربردووە . بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی دەربڕینی سلێمانیی زۆر پێوە دیارە، بەتایبەتییش زمانی سلێمانییەکی شاریی، ئەم بابەتە پێیوایە هەرگیز زمانی ناوچەی سلێمانیی لەشوێنەکانی تری کوردستان پاراوتر نییە، بەپێچەوانەوە هەندێ دەربڕینیان هەیە هەر زۆر بێکەڵک و چەوتن. بۆ نموونە لە لا 25 دا نووسراوە ( گەر "با" بایە خۆیان بۆ"با" دەکردەوە، گەر شەو بایە خۆیان بۆ تریفە دەکردەوە، گەر باران بایە دڵۆپ دڵۆپ لەشێیان بۆ باران رادەخست). لەلا 36 یشدا نووسراوە ( باران بایە یان بەفر ئەوان لەسەر زەوی نەبوون ). بەڕاستیی گوناهە ئەم تێکستە مەزنەی شامۆس بەمشێوەیە چەوسێنراوەتەوە. تەنها لەبری "بایە" بینووسیایە (بینووسیبووایە) بووایە ، چ چێژێکی تری وەردەگرت. لەبری" با" وشەی پەردە، یان کا دابنێ، رستەکەی بەختیار دەبێتە (باران پەردەیە یان بەفر)، یان (باران کایە یان بەفر) دەردەچێت. ئەگەر "بووایە"ش دابنێی، دەبێتە باران بووایە یان بەفر، بەنووسینی دروستتریش دەبێتە باران یان بەفر بووایە.

ئەگەر لە بەختیار بپرسین و بڵێین، کاتێ لە لا 39 دا دەنووسیت "بەڵام لەوانەیە بمانباتە سەر سەرچاوەکانی نەمردن، بمانباتە سەر کانییەک لێی بخۆینەوەو نەمرین...) هیچ واتایەک دەگەیەنێت، ئەگەر لەبری نەمردن ، نەمریی بووایە، رستەکە پڕواتاتر نەدەبوو؟ هەڵەی دەربڕین ، کە زۆربەیان لەئەنجامی نەشارەزایی بە کولتووری زمانی زگماکەوە پەیدابوونە ، ناوبەناو خەریکی خۆرەلێدانێکی شێنەییە . لە لا19دا نووسراوە ( کە ڕۆژانە جەلادەت بە پێشدەمیدا دەڕۆی ) ، دەبووایە بنووسێت کە ڕۆژانە جەلادەت بەبەردەمیدا دەڕۆی( دەڕۆیشت ) . هەڵەیەکی هاوشێوە لە لا 65 دا دووبارە بووەتەوە. نووسراوە ( ...خستمە پێش خۆم ) ، دەبووایە بنووسێت پێش خۆم دا. لە لا73 دا نووسراوە ( بەدەنگێکی گریاوەوە لە دالیا سیراجەدینم پرسی ) ، دەبووایە بنووسێت بەدەنگێکی گریاناوییەوە لە دالیا سیراجەدینم پرسی. لە لا 92 دا نووسراوە ( بەیانی لەسەر دەنگی.... بەئاگا هاتمەوە) دەبووایە بنووسێت لە دەنگی .... بەئاگا هاتمەوە.

گرامەتۆلۆجی کات و شوێن نەک هەر گرنگیی زمان و گیانی دەربڕین و مەبەست و رۆڵی کاراکتەرەکان دەستنیشان دەکات، بەڵکوو خاڵ دەخاتە سەر پیتەکان و واتاو تێگەیشتنەکانیش تەتەڵە دەکات. لەلا 124دا لەزمانی جەلادەتی کۆترەوە کە

لەسەر رابردوو چیرۆک دەگێڕیتەوە، دەڵێ واهەستدەکەیت!... ئەگەر لەسەر کاتێکی بەسەرچوو قسە دەکرێ، دەبێت بنووسرێ وا هەستتدەکرد، یان واتهەستدەکرد.

زمان و کولتووری هەرگەلێک کۆمەڵی تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە کاتی رستەدروستکردن و لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناو و فرمان و ئاوەڵناوەکان و داتاشینی چاوگەکاندا، دەبێت کارامەییەکی زۆر ورد بەکاربهێنرێت. ئەوانەی کاری وەرگێڕان دەکەن، نابێت بەشێوەی وشەبەوشە ( Literal ) دەقەکە یان رستەکە وەربگێڕن. ئەم چەند نموونەیە لەوە دەچێت لەزمانێکی ترەوە بۆ کوردییەکی خراپ وەرگێڕدرابێ، لە لا 138 دا، نووسراوە ( من لەو ڕۆژەوە دۆزەخێکی گەورە ژیام)، لەلا 140یشدا نووسراوە (دەستێک بەئارامی لەدەرگای دام). لە گاڵتە دەرچێت زمانێکی زۆر کەچە، دەبووایە بنووسێت ( من لەو رۆژەوە لەدۆزەخێکی گەورەدا دەژیام ) ، بۆ رستەی دووەمیش دەکرێ بەزۆر شێوە بنووسرێتەوە ، بۆ ئەوەی هەڵەی داتاکانی زمان باشتر دەربکەوێ ، لەبری دەرگا، خاچ بەکاربهێنە، ئەوکاتە دەبێتە (دەستێک بەئارامیی لەخاچیدام). پوختوکورت مەبەست ئەوەیە کەسێک لەدەرگای ماڵەکەم یان ژوورەکەمی داوە، دەبووایە بنووسێت ( دەستێک بەئارامیی لەدەرگاکەی دەدام) شیاوترە بنووسرێ ( دەستێک بەئارامیی لەدەرگاکەمی دەدا). باشتریشە من و راناوەکان لاببرێن و بنووسرێت ، دەستێک بەئارامیی لەدەرگاکەی دەدا. لە لا 301 دا هاتووە ( لەبەر دەروازەکانی شاردا هەزاران فریشتەی غەمگین پێشوازی دالیایان دەکرد، بەسەر سەریدا فڕین، لەسەر سەری دەنیشتنەوە). دەبووایە فڕینیش بکات بە دەفڕین، یان دەنیشتنەوەی بکردایە بە نیشتنەوە.

لە لا 146 دا نووسراوە ( ساڵی داهات برۆ داوایەک بنوسە ) مەبەست لێرەدا ئەمەیە " ساڵی داهاتوو برۆ داوایەک بنووسە". داهات بەواتای بەروبووم و دەرامەت دێت ، داهات (Income ) لە کوێ و داهاتوو( Next ) لەکوێ!. دەکرێ بگوترێ کە خۆر داهات دەڕۆین، بەواتای ئەوەی کە خۆر داکشا دەڕۆین، لێرەدا داهات بە واتای دادێت یان دابێت، دێت. بەڵام ئەم ( داهات) ە بۆ ساڵ و رووداوێکی دوور نابێت. وشەی هات لێکدانەوەی جیاوازی هەیەو بەپێی رستەکە دەگۆڕێ، بۆ نموونە ئەمساڵ ساڵێکی نەهاتە، یان ساڵێکی هاتە، مەبەست لە کەم و زۆریی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانە. ئەگەر دا بخەیتە سەر " هات" دووبارە واتاکەی دەگۆڕێت.

لە لا 152 دا نووسراوە " وەک لەناکاو ڕوناکییەکی بەهێزت لێبدەن و تا ماوەیەک نەتوانیت هیچ لەدەوری خۆت ببینیت" هەرهەمووی بە یەک دەستەواژە کۆتایی پێ دێت کە "شەوارەیە". زۆرکەسیتر ئەم رەخنەیەی لە بەختیار گرتووەو زۆریش دروستە رەخنەکەیان ،( لەبری تکات لێدەکەم ، تکات تیادەکەم) ی نووسیوە. بەڵام ئەم بابەتە شتێکی تر دەخاتە سەر ئەو رەخنانە کە ئەمەیە: لە ناو مزگەوت و کڵێسا و شوێنە ئایینی و لاهووتییەکان و کۆشکی دەسەڵاتدارەکاندا تکا دەکرێ، بەڵام تکات لێدەکەم جیاوازە و تکاکار تکا لە کەسێکی بانتر و دەسەڵاتدارترو بەهێزتر دەکات، یان لەخۆشەویستەکەی دەکات. بەکورتییەکەی تکات تیادەکەم لە شوێنێکدا دەکرێ و تکات لێدەکەم لەکەسێک دەکرێ. لە لا 182 دا ئەم هەڵەیەی چاککردووەتەوەو نووسیویەتی ( تکام لێدەکرد). هەمان هەڵەی لە لا176 دا کردووەتەوەو لە بری لێی پاڕامەوە نووسیویەتی ( تیا پاڕامەوە ).

لەزمانی کوردییدا گردین بەکار ناهێنرێ وەک ئەوەی بەختیار لە لا 190 دا نووسیویەتی. بەڵکوو هەڵەتاویی ( هەڵەت ) ، تەپۆڵکاویی، گردۆڵکاویی ...تاد بەکاردێت. پێدەچێ (گردین)ی لەسەر کێشی بەفرین دانابێت. لە لا 204 دا خێرایی بە یەکەی گەورەو بچووک پێوانە کردووە، لەبری (هەستمدەکرد خێرایی دالیا چەندەها جار لەخێرایی من گەورەترە) ، دەبووایە بنووسێت ( هەستمدەکرد خێرایی دالیا چەندین جار لەخێرایی من تیژترە. هەندێجار لابردنی یەک پیت سەرتاپای واتای وشەو

رستەکە دەگۆڕێ. لەلا 223 دا نووسراوە، ( گەشتنی بەو سەردابە...) دەبووایە بنووسێ گەیشتنی بەو سەردابە. ئەمانەو سەدان هەڵەی هاوجۆری لەم چەشنانە، وەک شوێنەواری سورێژە سەرتاپای گیانی شامۆسیان کوتیوە.

لە سەرئەنجامی ئەم باسەدا، ئەم نووسینە زۆر بەقووڵی بڕوای وایە ، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی زمانی شامۆس، بەڵام ئەگەر بە ویژدانێکی زیندووەوە سەیری هەندێ لەو ڕۆمان و شاکارە ئەدەبییانەی دوو دەیەی رابردوو بکەین کە خەڵاتی نوبڵیان بەدەست هێناوە لە شامۆس کەڵەگەت تر نین، بەختیار هیچی کەمتر نییە لە نەجیب مەحفوزی میسریی و گونتەر گراسی ئاڵمانیی (Günter Grass ) و تۆنی مۆریسنی ئەمێریکایی (Toni Morrison ) و ئیمرە کێرتشی هەنگاریی ( Imre Kertész ) و کینزابورۆ ئۆوەی ژاپۆنیی (Kenzaburo Oe ) و چەندینی تر. راستە نۆبڵ کۆمەڵێ کرایتێریای خۆی هەیەو کۆمەڵێ بەرهەمی جۆراوجۆری نووسەر لەبەرچاو دەگرێ ، بەڵام سەرئەنجام یەک بەرهەمی بەپێز دەبێتە ئایکۆن بۆ کاندیدکردن. بەدڵنیاییەوە بەختیار شایانی ئەوەی هەیە لەداهاتوودا لەسەر ئەم ڕۆمانە بۆ خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبدا کاندید بکرێ. هەرچەندە بەختیار لە هەڕەتی لاوییەتیی نووسیندایەو گومانی تێدانییە پرۆژەی نووسینی باشتریشی بەدەستەوەیە. بەڵام تا هەنووکە لە ئەدەبی کوردییدا، ئەم نووسینە پێیوایە ئەگەر تاکە پرۆژەیەکی نووسین لەناو کورددا هەبێت و کاندید بکرێ بۆ خەڵاتی نۆبڵ، شامۆس لەسەرووی هەموویانەوەیە.

بەداخەوە سەرئەنجام ئەم کوڕە کوردەو لەناو گەلێکدایە کە نرخی نازانن ، لای کەم لەئێستادا. هەر ئەم مەزنییەی شامۆسیشە بووەتە هۆکاری ئەوەی کە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەکدا دابەشبن. بەرەیەکیان زۆر دژایەتییەکی کوێرانەی بەختیار عەلی و پرۆژە ئەدەبییەکانی ئەو دەکات و بەرەکەی تریش زۆر بڵند دەینرخێنی. قسەیەکم لەسەر بەرەی دەروێشازیی نییە. بەڵام بەهەموو کەموکوڕییەکییەوە شامۆس لەمێژووی ئەدەبی کوردییدا جێگەیەکی گرت، کە هیچ کتێبێک ئەو جێگەیەی نەبووەو بەدڵنیاییشەوە لەداهاتوودا لە ئەدەبی گەلانی تریشدا شوێنێکی شایستە بەخۆی دەگرێت. شامۆس بووە ناسراوترین ئایکۆنی ڕۆشنبیریی کوردیی و بەختیاریش ناسراوترین ئایکۆنی ڕۆشنبیرانی کوردە.

# References:


1. Bakhtin, M. M. 1963, *Problems of Dostoevsky's Poetics*. Trans. Caryl Emerson ، 1984. Minneapolis: U of Minnesota P.
2. Black, M. 1962 ( ede *)*, *The Important of Language*, Englewood Cliffs,NJ : Prentice Hall
3. Bourdieu, P, 1984 , *Distinction* ( Cambridge, MA : Harvard University Press ).
4. Emerson, C. 2002, “Bakhtin after the Boom: Pro and Contra” Journal of European Studies, Vol. 32, issue 1, p.32.
5. Foucault, M. 1972, “The discourse on Language”, in "The Archeology of Knowledge and the Discourse on Language", trans. A. M. Sheridan Smith (New York: Pantheon) .
6. Frege,G. 1997, *The Frege Reader*, edited by M. Beaney , Oxford: Blackwell.
7. Gadamer,H.G. 1989, *Truth and Method* ، New York: Continuum.
8. Garay, H, L, 2001, *DIALOGUE AMONG CIVILIZATIONS: WHAT FOR*? INTERNATIONAL JOURNAL ON WORLD PEACE, VOL. XVIII NO. 1,pp.15-20
9. Johnson, M.2004*, A Philosophy of Second Language Acquisition*, New Haven, CONN: Yale University Press

10. Medina, J. 2005, *Language Key Concepts In Philosophy*, MPG ,
11. Nietzsche, F. 1979 “On Truth and Lies in a Nonmoral Sense” in *Philosophy and Truth: Selections from Nietzsche’s Notebooks of the early 1870’s* (pp. 79-93). New Jersey: Humanities Press International
12. Russell, B. 1905, “On Denoting”, Mind, New Series, Vol. 14, No. 56, pp. 479-493.
13. Taylor,T, J.1992, *Mutual Misunderstanding: Scepticism and the theorizing of language and Interpretation,* Durham, NC, Duke University Press.
14. Wardhaugh R. 1986. *An Introduction to Sociolinguistics*. Oxford: Blackwell.
15. Wittgenstein, L 2001. *Philosophical Investigations*. Malden: Blackwell.
16. Xingjian,G 2000, *The Nobel Prize in Literature 2000*, Retrieved 15-08-2006, available : http://nobelprize.org/nobel_prizes/literature/laureates/2000/

- بەختیار عەلی، 2005، *لە دەنگی زمانەوە بۆ بێدەنگی مانا: تراژیدیای زمان و وێنە لەسەدەی بیستدا*، سەردەمی رەخنە، ژمارە 1 ، دانراو لە نێتدا لەسەر ئەم ئادرەسە:

  http://www.sardam.info/sardami%20raxna/1/01.pdf

  چوونە سەر لینکەکە: 2006/08/10

- کەمال میراودەلیی،2006، *بیرکردنەوەو ئازادیی*، بەشی دووەم و سێیەم، سایتی دەنگەکان، دانراو لەسەر ئەم ئادرەسە:
  http://www.dengekan.com/doc/2006/5/kamalMirawdali4_2.pdf
  چوونە سەر لینک: 2006/08/15